See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/344167117

# دکتۆرای فەخری

**Book** · August 2020

CITATIONS
0

READS
69

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University
**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 08 September 2020.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە

# یەکەمین دکتۆرای فەخری لە کوردستان

## زانکۆی کۆیە دەیبەخشێت

بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە ژمارە (٢١)

## ئامادەکردنی

## د. عوسمان دەشتی

ناوی کتێب: یەکەمین دکتۆرای فەخری لە کوردستان.

بابەت: دیکیومێنتاری.

ئامادەکردنی: پ.د. عوسمان دەشتی.

سەرپەرشتی چاپ: پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی.

ئەرشیفی وێنەکان: بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی زانکۆی کۆیە.

ساڵی چاپ: ٢٠٢٠

شوێنی چاپ: کوردستان ـ هەولێر.

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم.

چاپخانە: ڕۆژهەڵات ـ هەولێر

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: ڕێبەر سەرتیپ.

---------------------------------------------------------

لیژنەی بەدواداچوونی چاپ:

پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی

م.ی.هۆشمند علی عزیز

ڕێبەر سەرتیپ طاهر

# ناوەڕۆک


| ز. | بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١. | دەستپێک | ٧ |
| ٢. | یەکەمین دکتۆرای فەخری لە کوردستان – پ.د. خدر مەعسوم هەورامی | ١١ |
| ٣. | بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە پڕۆفیسۆردکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ | ٢٣ |
| ٤. | بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە زانای مێژوونووس پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد | ٤٧ |
| ٥. | بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە سەرۆک مام جەلال | ٦٥ |
| ٦. | بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە | ٨١ |









دەستپێک

مەسەلەی بەخشینی بڕوانامەی ڕێزلێنان ( دکتۆرای فەخری)، خەریکە لە زانکۆکانی ئێمەشدا لە هەرێمی کوردستان دەبێت بە داب. هەر بۆ ئەمساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩)، لە زانکۆکەی ئێمەدا (زانکۆی کۆیە)، کەوا شەرەفی ڕچەشکێنی و دەستپێشخەری هەبووە لەم بوارەدا، چوارەمین بڕوانامەی ڕێزلێنانی فەخری بەخشرا بە سیاسەتمەدارو ڕووناکبیری ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە) لە بواری زمان و وەرگێڕاندا.

هەر دوای ئەمەش لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ئەم بڕوانامەیە بەخشرایە زانای هەڵکەوتووی کورد (کۆچەر بیرکار)، کە لە بواری ماتماتیکدا پلەو نازناونێکی زانستی بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی جیهاندا. دوای ئەوەش هەر لەم ساڵەدا زانکۆی سلێمانی لە دەستپێشخەرییەکی شایستەدا ئەم بڕوانامەی ڕێزلێنانەی لەبواری هونەرو موزیکی کوردیدا بەخشی بە گەورە هونەرمەندی کورد مامۆستا (مەزهەری خالقی). دیارە وەکو تێبینی دەکرێت هەر کام لەم کەڵەمێردە داهێنەرو ناودارانەی کورد لە بنەڕەتدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەنجا بە ڕای بەندە هەر ئەمەش شانازییەکی دیکەیە بۆ زانکۆکانی ئەم هەرێمە تۆماردەکرێت. ئەوەش کەوا لە نزیکەوە دەیزانم و تا ڕادەیەک ئاگادارم لێی ئەوەیە، کەوا مەسەلەی پێدان و بەخشینی ئەم بڕوانامەیە بەنووسەرو ڕووناکبیری دیاری ڕۆژئاوای کوردستان (ئیبراهیم مەحمود)، لەلایەن زانکۆی دهۆکەوە لە بەرنامەی کارەکانیاندایە.

ئەلبەتە ئەم داب و دەستپێشخەرییە زانستییە لە وڵاتی ئێمەدا پێشینەیەکی درێژی نییە، بەڵام وەکو دەردەکەوێت لە زانکۆ دیارو دێرینەکانی جیهان مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە. کورد واتەنی دیارە کاڵا بەقەد باڵایەو ئێمە خۆمان لە حوکمڕانی و خۆبەڕێوەبەری مێژوو و ئەزموونێکی ئەوەندە کۆنمان نییە. بەڵام وەک دەڵێن بڕینی ڕێگای هەزاران میل بە هەنگاوێک دەستپێدەکات. ئەوەی کە پەیوەندی بە لایەنی خوێندنی باڵاو ژیان و کاروباری زانکۆکانەوە هەیە، لە وڵاتی

ئێمەش کەوتۆتە ڕێ و بەرەو ئاسۆو ئایندەیەکی مژدەبەخش خەریکە هەنگا هەڵدەهێنێت.

وەکو لە پێشەوە گوتمان ئەم دەستپێشخەرییە زانستییە سەرەتا لە زانکۆی کۆیەوە لەسەردەمی بەڕێز (پ.د. خدر مەعسوم هەورامی) یەوە دەستی پێکرد، کە ئەوکات سەرۆکی زانکۆی کۆیە بوو، دواتریش لەڕۆژگاری سەرۆکی ئێستای زانکۆکەمان بەڕێز (پ.د. وەلی مەحمود حەمەد) دا بەردەوامبووەو درێژەی پێدراوە. دیارە ڕێکەوت وابووە کەوا بەندەش لەنزیکەوە بەشدارو هاوکاربم لە بەڕێوەچوون و بەئەنجام گەیشتنی ئەم هەنگاوە زانستییەی زانکۆکەمان، بەو ئامانجەش کەوا سەرەتاکانی ئەم ڕەوتە زانستییە لە زانکۆکەمان تۆماربکرێت، تا ئەوەی کارەکتەرەکانیش هێشتا لەناوماندا ماون و زیندوون. ئەم بیرۆکەیەمان لا گەڵاڵەبوو، تاوەکو لەشێوەی نامیلکەیەکی زانکۆیی چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

لەم پێناوەدا پێویستیم بە هاوکاری و پشتیوانی هەردوو بەڕێزان پ.د.خدر مەعسوم و پ.د. وەلی مەحمود بوو، کە یەک بەدوای یەکدا سەرۆکی زانکۆی کۆیە بوون و لە ماوەی سەرۆکایەتی هەردوو بەڕێزیاندا ئەم بڕوانامانە بەخشراون.

ئەوانیش بە دەنگمانەوە هاتن و خەرمانەو دەسکەگوڵی خۆیان پێشکەش کرد. بەتایبەت و تارەکەی د.خدر، کە لە شێوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزدایەو هەموو لایەنی مێژوو و پێشینەی ئەم نەریتەی لە زانکۆکانی جیهاندا بەشێوەیەکی وردو بەڵگەدار خستۆتەڕوو. هەروەها ئەو

بڕگەیەش لە بابەتەکەمان کەوا د. وەلی باسی لێوەکردووە، بەهەردوو لایەن گەلێک هاوکاربوون لە دەوڵەمەندی و بەپێزکردنی مەسەلەکە.

لەکۆتاییدا هیوادارم بەکارەکەمان سوودێکمان گەیاندبێت و بەوەی کەوا تیشکمان خستۆتە سەر گۆشەیەکی چالاکی زانستی زانکۆکەمان.

د. عوسمان دەشتی

١٠ – ٩ – ٢٠١٩

# یەکەمین دکتۆرای فەخری
# لە کوردستان

پ.د. خدر مەعسوم هەورامی

بڕوانامەی فەخری یاخود ڕێزلێنان (Honorary Doctorate) کەوا لە لاتینیدا (Honoris causa) ی پێدەگوترێت، بەواتای (لە پێناوی ڕێزلێناندا) دێت و کورتییەکەی بە (h.c) هێمای بۆ دەکرێت.
ئەم بڕوانامەیە لە زانکۆکانی جیهاندا بەزۆری بە کەسانی شایستەو لێوەشاوە دەبەخشرێت، کەوا شوێن پەنجەیان لە یەکێک لە بوارەکانی ژیان و زانستدا دیاربێت. بڕیاری کۆتایی بە بەخشینی بڕوانامەکە لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆ یاخود بۆردی زانکۆکەوە دەدرێت. وەکو لەناوەکەیەوە دیارە، ئەم بڕوانامەیە هی ڕێزلێنانەو بەزۆریش بە پلەی دکتۆرا دەبێت. وا هەیە لە هەندێ زانکۆدا پلەی ماستەریش بە مەبەستی ڕێزلێنان بە خەڵکانێکی تایبەتی دەبەخشرێت، بۆ نموونە لە هەردوو زانکۆی کامبریج و ئۆکسفۆردی بەریتانیادا، هەرکەسێک لەلایان بگات بە پلەی پڕۆفیسۆری، ئەوا بڕوانامەیەکی ماستەری فەخریشی پێ دەبەخشرێت. (١. ٢)
بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێویستی بەشەرت و مەرجەکانی دکتۆرای زانکۆیی ئاسایی نییە، وەکو کۆرساتی خوێندن و تاقیکردنەوەو

تێزو نامەنووسین، هەروەها پشت بەو مەرجەش نابەستێت کە ئەو کەسەی بڕوانامەکەی پێ دەدرێت، چ ئاستێکی خوێندنی هەیە.
ئەوەی لەم بارەیەوە دەزاندرێت ئەوەیە کەوا ئەم بڕوانامەیە بۆ یەکەمجار لەسەدەی پازدەهەمداو لەساڵی ١٤٧٨ – ١٤٧٩ی زاینیدا لەلایەن زانکۆی ئۆکسفۆردەوە بە (لایونێل وودڤێل Lionel Wood Ville بەخشرا کە گەورە قەشەی ئێگزیستەرو برای خێزانی پاشای ئینگلتەرای ئەوکات (هێنری چوارەم) بووە، کە لە دواییدا بووە بە مەترانی سالزبۆری. (٣.٤)
لە هەندێک لە وڵاتاندا ئەوەی هەڵگری ئەم نازناوەی دکتۆرای فەخری بێت، مافی ئەوەی نابێت لەپێش ناوەکەیدا تایتڵی (Dr.) بنووسێت، بەڵام دەشێ لە (سی ڤی) یەکەیدا ئاماژەی پێ بکات، وەک ئەوەی لە وڵاتانی وەکو بەریتانیا، ئەمەریکا، نیوزلاندو ئوستورالیا کاری پێدەکرێت.
بەڵام لە هەندێ وڵاتی دیکەدا دەشێ تایتڵەکە (Dr.) لە پێش ناوەکەدا بەکاربهێندرێت، بەمەرجێک ئاماژە بۆ لایەنی فەخری بڕوانامەکە (h.c) بکرێت، جا چ لەدوای (Dr.) کە دەبێت وەک (Dr. h.c) یاخود لە پێشەوەی (h.c. Dr.).
مەڕاسیم و چۆنیەتی بەخشینی ئەم بڕوانامیە لەنێوان زانکۆکانی جیهاندا جیاوازە، بەڵام بەزۆری لەگەڵ ئاهەنگی دەرچوونی خولەکانی خوێندکاراندا بەڕێوەدەچێت. کەسەکە هەمان پۆشاک و جلو بەرگی ئەکادیمی زانکۆکە دەپۆشێت، وا هەیە لە هەندێ زانکۆدا کڵاوەکە ناکاتە سەری، یاخود عەباو جلێکی تایبەتی دەپۆشێت، تا ئەوەی لە خەڵکانی

دکتۆرای ئاسایی جیابکرێتەوە. هەر لەو مەراسیمەدا ئەو کەسە وتارێکیش پێشکەش دەکات و تیادا ڕەزامەندی و قایلبوونی بە وەرگرتنی بڕوانامەکە دەردەبڕێت.

دیارە هەر لە سەرەتاوە لە کاندیدکردنی کەسێک بۆ پێدانی ئەم بڕوانامەیە تا کۆتایی، بەچەند قۆناغ و لیژنەو فیلتەردا تێپەڕدەبێت تاوەکو بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەدرێت. واش هەیە بڕوانامەکە بە هەمان بڕیارو میکانیزم لەو کەسە دەسەندرێتەوە هەر کاتێک زانرا کەوا قابیلیەت و شایستەیی خۆی لەدەستداوە. بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٨٤) دا زانکۆی (ئەدنبرە) لە سکۆتلەندا، بڕوانامەی دکتۆرای بەخشیبوو بە (رۆبرت مۆگابی)ی سەرۆکی زامبیا، وەکو قارەمانی نیشتیمانی و خەباتگێڕی یەکسانی و دیموکراتی لە ئەفریقیا. بەڵام لەدوای ئەوەی بوو بە دیکتاتۆرێکی سەرسەخت و بۆ ماوەی (٣٧) ساڵ دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و لەو ماوەیەدا لە کوشتوبڕو ساختەکردنی هەڵبژاردنەکانیشدا درێغی نەکرد، تا ئەوەی لە ڕیزەکانی حیزبەکەی خۆشییەوە وەدەرنرا، لە ساڵی (٢٠٠٧) دا لە سکۆتلەندا ناڕەزایی و خۆنیشاندانی فراوان بەڕێوەچوو لەدژی دەسەڵاتی مۆگابی و داواکرا ئەو بڕوانامەیەی کە پێی بەخشراوە لێی بسەندرێتەوە. ئەوە بوو زانکۆی ئەدبنرە ناچاربوو، کە ئەو بڕوانامەیەی کە بە مۆگابی سەرۆکی زامبیای بەخشیبوو لێی دابماڵێت. (٥,٦,٧)

بەهەمان شێوەو لە ئەنجامی ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی ( Massachusetts-Amherst)ی ئەمریکایی،

زانکۆی ناوبراو ئەو بڕوانامە فەخرییەی کەوا (٢٠) ساڵ لەوەوبەر بە مۆگابی بەخشیبوو لێی سەندەوە (٨)♣.

بەخشینی ئەم جۆرە بڕوانامەیە بە کەسانی سیاسی، زۆرجاران دەبێتە مایەی مشتومڕو گفتوگۆی بەرفراوان لە زانکۆکانداو لەنێوان بەرپرس و کۆمیتەکانی تایبەت بە بەخشینی ئەم بڕوانامەیە. بۆ نموونە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆتە عورفێک کە هەرکەسێک دەرچووی ئەو زانکۆیە بێت و بگات بە پلەی سەرۆک وەزیران ئەوا ئەم بڕوانامەیەی (دکتۆرای فەخری) پێ دەبەخشرێت.

ساڵی (١٩٨٥) زانکۆکە لەم عورفەی لاداو ئامادەنەبوو بڕوانامەکە بدات بە (مارگرێت تاتشەر) کە خۆی دەرچووی ئەو زانکۆیە بووە بەڵام لەکاتی بوونی بە سەرۆک وەزیران بڕیاری ئەوەی دابوو کەوا بودجەی پشتگیری زانکۆکان کەم بکرێتەوە.(٩)

ئەوە بوو دوایی (تاتشەر) بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە، بەهاوکاری چەند کەسێک و هەر لە سنووری جوگرافی ناوچەی شاری ئۆکسفۆرد دا، زانکۆی (پەکینگهام)ی دامەزراند وەکو یەکەمین زانکۆی ناحکومی لە

---

♣ ڕۆبێرت مۆگابی، یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی زیمبابۆی بوو دوابەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٨٠دا، هەر لەو ساڵەدا وەک سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا، دواتر هەر خۆی لە ساڵی ١٩٨٧ دا پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەڵوەشاندەوەو خۆی وەکو سەرۆکی زیمبابۆی ڕاگەیاند، تا ساڵی ٢٠١٧ لەسەر کورسی دەسەڵات مایەوە، تاوەکو لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە لە دەسەڵات لابرا.

ناوبراو لە تەمەنی (٩٥) ساڵی و لە ڕێککەوتی ٦-٩-٢٠١٩ دا کۆچی دوایی کرد.

بەریتانیادا، ئەنجا هەر تاتشەر خۆی پاش ئەوەی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا نەما، بوو بە سەرۆکی بۆرد لەو زانکۆیەدا.**(١٠)
جاری وا دەبێت خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر ئەم مەسەلەیە لە ڕێگای پرۆتستۆکردن و ناڕەزایەتی دەربڕینەوە دژی بڕیاری زانکۆکانیان دەوەستنەوە، وەک ئەوەی کە بەرانبەر بەخشینی ئەم بڕوانامەیە بە (جۆرج بۆش) ی سەرۆکی ئەمریکا کرا. جۆرج بۆش خۆی دەرچووی بەشی مێژوو بوو لە زانکۆی (Yale University) لە ساڵی ١٩٦٨، کە بوو بە سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زانکۆکە بڕیاری داوە کەوا دکتۆرای فەخری پێ ببەخشێت، بەڵام بە پاساوی ئەوەی کەوا کەسێکی لاییق و شایستە نییە، بەشێک لە مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆکە، خۆیان لە بەشداریکردن لە ئاهەنگی دەرچوون و بەڕێوەچوونی مەڕاسیمی بەخشینی بڕوانامەکە کێشاوەتەوە. (١١)
لە ساڵی (٢٠٠٩) دا سەرۆکایەتی زانکۆی (ئەریزۆنا)، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانکۆیەکی حکومی بوو، ڕەتیکردەوە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بدات بە (باراک ئۆباما) ی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا♣. (١٢)

---

** ئێمە لە زانکۆی کۆیە پەیماننامەی هاوکاری پێدانی بڕوانامەی دکتۆرای هاوبەشمان لە نێواندا هەیە لەگەڵ ئەو زانکۆیەدا.

♣ لە ساڵی (٢٠١٤) دا زانکۆی سەلاحەددین بڕیاری داماڵینی ئەو بڕوانامە دکتۆرایەی داوە کەوا لە کاتی خۆی لەدوای ڕاپەڕین و لەو زانکۆیەدا بەڕێز نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بەدەستی هێنابوو. ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ د.خدر بە تەلەفۆن باس کرد، لە وەڵامدا پێی گوتم: کاتی خۆی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین قسەم کردووە، گوتم مافی ئەوەتان نییە کە ئەم بڕوانامەیە لەم کەسە وەربگرنەوە، چونکێ بڕوانامەیەکی

زانكۆی وا هەیە هەر لە بنەڕەتدا بڕوانامەی لەو جۆرە نابەخشێت، لە وێنەی زانكۆی (سترانفۆرد) ی ئەمەریكایی.(١٣) لە لایەكی كەوە زۆربەی زانكۆكان لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕان كەوا ئەم بڕوانامەیە نەبەخشن بە كەسێك كە لە لایەنی دارایی هاوكاری زانكۆكەیانی كردبێت.

لە كتێبی (گینس) دا بۆ ژمارەی پێوانەیی، ناوی قەشە ( Theodore Hesburg ١٩١٧-٢٠١٥) تۆماركراوە كەوا زۆرترین بڕوانامەی فەخری پێ بەخشراوە. ناوبراو لە ڕۆژانی دوایی تەمەنی بوو بە سەرۆكی زانكۆی (نۆتردام) لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا. ئەم پیاوە لەنێوان ساڵەكانی (١٩٥٢ – ١٩٨٧) داو لە پای خزمەتە بێ ئەندازەكانی بەدرێژایی تەمەن لە بوارە جۆربەجۆرەكانی یەكسانی و مرۆڤایەتیدا، (١٥٣) بڕوانامەی دكتۆرای فەخری لەلایەن زانكۆو كۆلیجە جیاجیاكانەوە لە جیهان پێ بەخشراوە، لە پاڵ دەیان میداڵ و نیشانی قەدرزانی و ڕێزلێناندا. (١٤)

لە كوردستاندا زانكۆی كۆیە یەكەمین زانكۆیە كە ئەم بڕوانامەیەی بەخشی بێت، لە ئەنجومەنی زانكۆدا كاتێك مەسەلەكە باسكرا چەند مەرجێك دەستنیشانكرا بۆ ئەو كەسەی كە بڕوانامەكەی پێ دەدرێت، یەكیان ئەوە بوو كە پێویستە ئەو كەسە، كەسێكی ئەكادیمی بێت و لەسەر ئاستی كوردستان ناسراوبێت، ئەم مەرجە لە زۆر لە زانكۆكانی

---

ڕاستەقینەیەو نەوەك فەخری. تەنیا لەیەك حاڵەتدا نەبێت ئەگەر كەموكورتی و ناتەواوی لە بڕوانامەی بەكالۆریۆس یاخود ماجستێرەكەی هەبووبێت، ئەگەر نا نابێت. (ع. د.)

جیهاندا پێڕەوی لێدەکرێت و تەنها بە کەسانێکی ئەکادیمی و خاوەن توێژینەوەی دەبەخشن. بۆ نموونە لە زانکۆکانی (وڵاتی سوید) تەنها بەو جۆرە کەسانەی دەبەخشن. (١٥) مەرجێکی تر ئەوە بوو کە دەبێت ئەو کەسە خزمەتی زانکۆکەمانی کردبێت، چ بە وانەگوتنەوە یاخود سەرپەرشتیاری ماجستێرو دکتۆرا.

لێرەدا مەسەلەیەک هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە، کەوا هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا دووچاری کێشەیەکی زۆر بووین. وەزارەت سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نابێت بڕوانامەی دەرچوون بەناوی زانکۆی کۆیە تاوەکو دوای سێ ساڵ لە بوونمان بە زانکۆ، بە خوێندکارە دەرچووەکانمان ببەخشین، بەو بیانووەی پێشتر ئێمە دوو کۆلیجی سەر بە زانکۆی سلێمانی بووین و خوێندکارەکانیشمان لەسەر ئەو بنەمایە وەرگیراون، بۆیە دەبێ بڕوانامەی ئەم سێ خولەی پێشتر بەناوی زانکۆی سلێمانییەوە بێت. ئەنجا دەبوایە سێ ساڵ چاوەڕێ بین تا ئەو دەورەیەی بەناوی زانکۆی کۆیە وەرگیراون دەردەچن، لە دوای ئەوە سێ ساڵی دیکەش چاوەڕێ بین تا سێ دەورە خوێندکاری دەرچوومان دەبێت ئەنجا لە ڕێکخراوی یونسکۆو ڕێکخراوی زانکۆکانی جیهانیدا مافی ئەندامێتیمان دەبێت.

ئێمە ئەم بۆچوونەمان قبووڵ نەبوو، پێما وابوو دوورە لە هەر ڕێوشوێنێکی ئەکادیمی، وەکو چۆن زانکۆکە لە ڕووی ئەکادیمیشەوە زۆر زەرمەند دەبێت. بۆیە ئێمە سووربووین لەسەر ئەوەی

بڕوانامەکانی دەرچووان بەناوی زانکۆی کۆیەوە بێت، پێشمان گوتن هەر خوێندکارێک ئارەزوو بکات ئامادەین بیگوازینەوە بۆ زانکۆی سلێمانی، ئێوەش لەلای خۆتانەوە ئازادن و دەتوانن دان بە بڕوانامەکاندا نەهێنن.

لە ئاکامدا لە ڕێککەوتی ٢٠- ٧ – ٢٠٠٦ دا ئاهەنگی یەکەمین خولی دەرچووانی زانکۆکە بەڕێوەچوو، کە ئەمەیان هەنگاوێکی گرینگ بوو. چونکێ ئەگەر هاتوو پێدانی بڕوانامەکانمان وەک ئەوەی وەزارەت داوای دەکرد بۆ سێ ساڵ وە دواخستبا، ئەوا دەبوو بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕێک چاوەڕێ بکەین تا ئەو مافە دەسگیر بکەین ببین بە ئەندام لەم دوو ڕێکخراوە، کە لەو ڕۆژگارەدا بۆ زانکۆکەی ئێمە پێویستییەکی ئەکادیمی گرینگ بوو. بۆیە ئەم قۆناغەمان سەرکەوتووانە بڕی و بڕوانامەکانمان بەناوی زانکۆی کۆیە بەخشی و لەو ناوەدا کەسیش لە خوێندکارەکان بەو هەنگاوە ناڕازی نەبوون. دوابەدوای دەرچوونی خولی سێیەمیش ڕاستەوخۆ بووین بە ئەندام لە هەردوو ڕێکخراوەکە.

دوای ئەوەش لە کاتی جیابوونەوەی کۆلیجەکانمان لە (قەڵادزێ و ڕانیە) و یەکگرتنەوە لە زانکۆیەکی سەربەخۆدا بەناوی (زانکۆی ڕاپەڕین)، ڕاستەوخۆ ڕێگامان پێدان لەیەکەم خولدا بڕوانامەی دەرچوون بە ناوی زانکۆکەی خۆیانەوە بدەن بە خوێندکاران. بەمجۆرە ئەم سووربوون و پێداگرتنەی ئێمە لەم هەنگاوەدا بوون بە نەریتێک و لە کاتی کردنەوەی هەر زانکۆیەکی تازە لە کوردستان ڕاستەوخۆ بڕوانامەکان بە ناوی خۆیانەوە دەبەخشران. بۆیە هەر لەسەرەتاوە کاتێک لە ئەنجومەنی

زانکۆدا مەسەلەی بەخشینی بڕوانامەی فەخریمان هێنایە پێشەوە، بۆ ئەوەش لەگەڵ وەزارەتدا دووچاری کێشەیەکی دیکە نەبینەوە، وامان پێ باش بوو مەسەلەکە بە نهێنی بهێڵینەوە تا ڕۆژی خۆی دێت.

سەرەتا چەند کەسایەتییەکمان لە خەیاڵدا بوو، کە یەکێکیان د.عیزەدین مستەفا ڕەسول بوو، ئەم زاتە لە بەڕێوەچوونی خوێندنی باڵا لە زانکۆکەمان دەورێکی دیاری هەبوو بوو، بۆیە لە ئەنجومەنی زانکۆدا ئەم بڕیارە درا کە بۆ یەکەمجار ئەم بڕوانامەیە ببەخشرێت بە مامۆستای گەورە د.عیزەدین. بۆ ئەو مەبەستە داوام لە د.عوسمان دەشتی کرد کە هەر بەو شێوەیەی بڕیارمان لێدابوو، پەیوەندی بە د.عیزەدینەوە بکات، هەم لە بڕیارەکە ئاگاداری بکاتەوە، هەمیش ئامادەگی و ڕێوشوێنی پێویستیش جێبەجێ بکەن بۆ کات و ڕۆژی بەڕێوەچوونی مەڕاسیمەکە.

ئەم کارەمان هەروا بە نهێنی هێشتەوە تاوەکو ڕۆژی بەڕێوەچوونی مەڕاسیم و ئاهەنگەکە، تەنانەت وەزیری خوێندنی باڵاو سەرۆکی زانکۆکانی دیکەش کە لە ئاهەنگەکەدا وەکو میوان بەشداربوون، لەم بڕیارەی ئێمە بێ ئاگا بوون، تا ئەوەی لە دوای بەڕێوەچوونی مەڕاسیمەکانی بەخشینی بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و ماجستێرو دکتۆرا، مەڕاسیمی بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخریش لە ڕێکەوتی ٣٠-٦-٢٠١٢ بە پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسول بەڕێوەچوو، ئەویش لەو میانەدا وتارێکی پێشکەش کرد.

دواتر ئەم مەسەلەیە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتدا بوو بە بابەتی باس و گەنگەشە. هەندێ ڕایان وابوو کەوا پێویست دەکات ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، یا لانی کەم وەزارەتی خوێندنی باڵا وەربگیرێت. لە بەرامبەردا پێم گوتن کە ئەمە دەسەڵاتێکە تایبەتە بە زانکۆکان خۆیانەوە، تەنیا ئەوەندەیە لە دوایە وەزارەتی لێ ئاگاداردەکرێتەوە، ئەنجا هەر لەوانە هەبوو دەیگوت ئەگەر پێشتر بمانزانیبایە کەوا ئەم دەسەڵاتەمان هەیە، ئەوا دەمێک بوو ئەم کارەمان کردبوو.

بە هەرحاڵ لەم دەرفەتەدا دەڵێم بۆ ئێمەمانان گەلێک مایەی خۆشحاڵییە، کەوا زانکۆی کۆیە لە بوارەکانی زانستی و ئەکادیمیدا گەلێک هەنگاوی پێشڕەوانەی هەڵهێناوەو لە زۆر بواردا بۆتە پێشەنگ بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. هەر لە ڕیزی ئەم هەنگاوانەشدا، کردنەوەی بەشەکانی، نەوت، ئەندازیاری کیمیاوی، میدیکەڵ سایکۆلۆجی، میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی، کە سەرەتاو دەستپێک لە زانکۆی کۆیە کراونەتەوە دواتر لە زانکۆکانی تر.

خۆشحاڵین بەوەی کەوا یەکەمین زانکۆش بووین لەسەر ئاستی عێراق کەوا بەشی میدیکەڵ سایکۆلۆجی تیادا بکرێتەوە، تا ئەوەی وەزیری تەندروستی لە حکومەتی ناوەندی فیدراڵی عێراق دەستخۆشی لێکردین و داوای کرد کەوا خوێندکارانی دەرەوەی هەرێمیش لەو بەشەی زانکۆکەمان وەربگیرێن، هەروەها داوایکرد هاوکاری زانکۆکانی تری عێراقیش بکەین بەمەبەستی کردنەوەی ئەم بەشە گرینگە.

بۆ ساڵی ئاینده به هه‌مان شێوه ناوی چه‌ند كه‌سایه‌تی ئه‌كادیمی كوردستان هاته‌گۆڕێ، دواتر له ئه‌نجومه‌نی زانكۆ له‌سه‌ر د.كه‌مال مه‌زهه‌ر ئه‌حمه‌د گیرساینه‌وه‌و له‌گه‌ڵ ئاهه‌نگی ده‌رچوونی خوێندكارانی ئه‌وساڵه‌دا (٣٠-٦-٢٠١٣ )ڕێوڕه‌سمی پێدانی بڕوانامه‌كه به‌ڕێوه‌چوو.

له‌دوای ئێمه زانكۆی سه‌لاحه‌دین بڕوانامه‌ی دكتۆرای فه‌خری به (ئیسماعیل بێشكچی) به‌خشی، ئیتر ئه‌م ڕه‌وته زانستییه له زانكۆكانی كوردستان بوو به داب و ده‌ستوورێكی پێڕه‌وكراو.

پەراوێزەکان:

---------------------------------------------

١. Oxford brooks University Regulations.
٢. University of Cambridge. Status and Ordinances ١١.٦: States of Master of Arts.
٣. Woodville, Lionel, Bishop of Salisbury, Oxforddnb.com
٤. www.brandeis.edu/trustees/hdr/ Honorary Degrees: A Short History
٥. https:www.scotsman.com/news/degree-of-anger-at-roll-of-dishonour-١-١٤٢٥٩٩٩.
٦. MacLeod, Murdo (١٤ January ٢٠٠٧). Degree of anger at roll of dishonor. The Scotsman. Edinburgh.
٧. Holland, Heidi (٢٠٠٨). Dinner with Mugabe: The Untold Story of a Freedom Fighter Who Became a Tyrant. London: Penguin. ISBN ٩٧٨-٠-١٤-١٠٤٠٧٩-٠.
٨. Vaznis, James (April ٦, ٢٠٠٧). "UMass students aim to revoke honorary degree for Mugabe". The Boston Globe
٩. BBC News. On this day archive" ٢٩ January ١٩٨٥ Thatcher snubbed by Oxford dons, BBC News.
١٠. The University of Buckingham news, ٨ April ٢٠١٣: University mourns death of Lady Thatcher
١١. Yale Boycott. Washingtonpost.com. ٢٠٠١-٠٥-٢٢.
١٢. Obama turns controversy into jokes, lesson at commencement. CNN. May ١٤, ٢٠٠٩.
١٣. Stanford Bulletin: Conferral of Degrees". Registrar.stanford.edu.
١٤. Hesburgh, Theodore M. (١٩٩٠). God, Country, Notre Dame: The Autobiography of Theodore M.
Hesburgh. New York: Doubleday. ISBN ٩٧٨٠٣٨٥٢٦٦٨٠٢
١٥.https://www.oxforddnb.com/?fbclid=IwAR٣Rfnhw٥thncUx١gjwDECLKI٠ARJKIuv٢GTLnytaesvUIDzRBBysQd-٧gU

## بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە
## پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول

لە بۆنەی مەڕاسیمی پاڵاوتن و ڕێزلێنان و پێبەخشینی دکتۆرای فەخری بە د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول کە لە ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونی خولی حەوتەمی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، سەرلەبەیانی ٣٠-٦-٢٠١٢ لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو، لەسەر داوای ئێمە ئەم کورتە ژیننامەیەی بۆمان نووسیبوو تا لە پێشەکی و لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی مەڕاسیمەکە سوودی لێ ببینین. ئێمە خۆشمان دیباجەیەکمان ڕێکخستبوو کە لە دوای ژیننامەکەی د.عیزەدیندا وەک خۆی دەیهێنینەوە.

ڕەنگە دیباجەکەی ئێمە تاڕادەیەک گیانی وتاربێژی و لایەنی حەماسەتی بەسەردا زاڵ بێت، وەک ئەوەی نووسینێکی شیکاری و ئاسایی بێت، ئەوەش دۆخ و کەشوفەزای بۆنەکە بەسەرمانیدا فەرزکردووە لە کاتی خۆیدا، وەکو پێشکەشکارو بێژەر لە هۆڵەکەدا لەبەردەمی هەمووان وەستابووین، دیارە بۆنەو مناسەباتی لەو جۆرە هەر ئەمجۆرە شێوازو ریتمی ئاخاوتنەی پێویست دەبێت.

## عیزەدین مستەفا ڕەسوول بە قەڵەمی خۆی

عیزەدین کوڕی مەلا مستەفای سەفوەت کوڕی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیە.

ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٥٢ چۆتە خانەی بەرزی مامۆستایان ـ دار المعلمين العالي ـ کەدوایی ناونراو کۆلیجی پەروەردە. لە ١٤-٣-١٩٥٣ دا لەبەر چالاکی سیاسی لە کۆلیج دەرکراو نزیکەی ساڵێک چووە بەندینخانەوە.

لە ١٨-١-١٩٥٤ دا بوو بە مامۆستای سەرەتایی و نزیکەی ساڵ و نیوێک لە قەڵادزەو سلێمانی و قەمچووغە مامۆستایی کردو لەو کارەش دەرکراو خۆی گەیاندە شام. لە زانکۆی شام (دیمەشق) پۆلی دووەم و سێیەمی لە کۆلیجی ئاداب لە بەشی عەرەبیدا خوێند. کە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بوو هاتەوە عیراق و کۆلیجی پەروەردەی تەواوکرد.

لە ١٧ ـ ٣ ـ ١٩٦٠ دا چوو بۆ یەکێتی سۆڤێت. ساڵێک خولی زمانی ڕووسی دی و پاشان چووە باکۆ. لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی باکۆدا خوێندی و لە ٢٤-٦- ١٩٦٣ دا لەسەر نامەی ( ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا) بەڵگەنامەی دکتۆرا ( کاندیدات ـ PhD ) ی وەرگرت، نێردرا بۆ بولگارستان بۆ کارکردن لە ئێستگەی نهێنی دەنگی گەلی عێراقدا، لە

پاش نزیکەی ساڵێک هاتەوە مۆسکۆو لە قوتابخانەی باڵای حیزبیدا ساڵ و نیوێک فەلسەفەو ئابووری و چەند زانستی تری وەک (تیۆری ئەدەب) ی خوێندو کاری وەرگێڕانیشی دەکرد.

لە ١٩٦٥ دا بە نهێنی هاتەوە کوردستان و ماوەیەک لەناو پێشمەرگەدا لە (دیلمان و دەرگەڵە) بوو، لە کۆتایی ١٩٦٦دا کە شەڕ وەستا چووە بەغداو لە کۆلیجی زمان و پاشان لە کۆلیجی ئاداب و پەروەردە بوو بە مامۆستای ئەدەبی کوردی و لەبەرئەوەی لای باوکی دەرسی مزگەوتی خوێندبوو و لە باکۆش ماجستێری عەرەبیی وەرگرتبوو دەرسی ئەدەبی عەرەبیشی دەگوتەوە.

ساڵی ١٩٧٦ بۆ ساڵێک چۆوە مۆسکۆو لەسەر نامەی (ئەحمەدی خانی ـ شاعیرو بیرمەند ـ فەیلەسوف و موتەسەویف) کە لێرەوە ئامادەکرابوو، بەڵگەنامەی دکتۆرای ناووک ( زانستی CSD) ی و پلەی پرۆفیسۆری وەرگرت. ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٨ لە زانکۆ لابرا. دوایی گەڕێنرایەوەو لەوساوە لە زانکۆکانی کوردستان دەرس دەڵێتەوەو سەرپەرشتی نامەی ماجستێرو دکتۆرا دەکات.

تا ئێستا ٨٥ کتێبی بەکوردی و عەرەبی نووسیوە، کە کراون بە (فارسی، تورکی، ڕووسی)، دوا کتێبی بەرگی یەکەمی ( مێژووی ئەدەبی کوردی) یە کە چەند بەرگیتری دەردەچێ.

لە پلەی ناوەندییەوە خەریکی چالاکی سیاسی بووەو لە ڕاپەرینەکانی ١٩٤٨ و ١٩٥٢ دا بەشداربووە لە ساڵی ١٩٤٩ ەوە ئەندامی حیزبی

شیوعی کوردستانەو ئەندامی کۆنگرەکانی ئەو حیزبە بووە لە ٢٠٠٧ و مانگی حوزەیرانی ٢٠١٢ دا لە بەغداو شەقلاوە.

ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە Knk و لە دوا کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا هەر لە مانگی حوزەیراندا لە برۆکسڵ بەشداربووە.

لە کاری ڕۆژنامەنووسیشدا سکرتێری نووسینی گۆڤاری هیواو ڕۆژنامەی ئازادی بووە، نووسەریش بووە لە ڕۆژنامەی (ژین) و (اتحاد الشعب) دا.

لەدامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کوردەو زیاد لە ٢٥ ساڵ سەرۆکی ئەم یەکێتییە بووە.

تا ئێستا بەرگێکی یاداشتەکانی چاپکراون و بەرگەکانی تری بەڕێگەوەن.

لە ساڵی ١٩٩٤ وە تا ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە بە (بێ لایەن) لە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستانداو سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵاو ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری بووە لە پەرلەماندا.

* بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لە کاتێکدا ئێمە خەریکی تایپکردن و ئامادەکاری پڕۆڤەو فۆڕمەکانی ئەم کارە بووین، هەواڵی کۆچی دوایی (پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەمە، ڕێکەوتی (٣-١٠- ٢٠١٩) لە تەمەنی (٨٥) ساڵیدا لەم سەر تا ئەوسەری کوردستان دەنگی دایەوە. مامۆستای نەمرمان تا دوا ساتەکانی ژیانی هەمیشە قەڵەمەکەی بەدەستەوە بووەو لە نووسین و توێژینەوەو داهێنان بەردەوام بوو. زۆر جارانم لێی دەبیستەوە، کە لە بواری

گاڵتەوە بە سوود وەرگرتن لە دێرە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، وەکو هێمایەک بۆ پێداگری لەسەر نووسین و داهێنان دەیفەرموو:

**تەمەن گەیی بە هەشتا          قەڵەم بە کارە هێشتا**

ناوی هەر نەمرو یادی هەمیشە بەرزو شەکاوە بێت.



ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە لە پێشوازی د.عیزەدین دا.



لە راستەوە د.عیزەدین, پ.د.خدر مەعصوم

سەرۆکی زانکۆ کۆیە



لە راستەوە د.عوسمان دەشتی، د.عیزەدین



سەرۆکی زانکۆی کۆیە پریاری پێدانی پروانامەکە دەخوێنێتەوە



سەرۆکی زانکۆ پیرۆزبایی لە د.عیزەدین دەکات

میوانە بەڕێزەکان
ئامادەبووانی هێژا

ئێستاش بەرلەوەی بچینە سەر مەڕاسیمی بەخشینی بڕوانامەکان، دێینە سەر وەختی پێشکەشکردنی مەڕاسیمێکی تایبەت، کە ئەویش مەڕاسیمی ڕێزلێگرتن و قەدردانانە بۆ یەکێک لە ڕابەڕەکانی بواری زانست و لێکۆڵینەوەو ڕووناکبیری لە کوردستان.

مەڕاسیمی بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخریە بە پڕۆفیسۆر د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لەلایەن زانکۆی کۆیەوە.

- عزالدین مستەفا ڕەسوول نووسەرو پسپۆڕو زاناو ڕووناکبیرێکی گەورەیە، لەسەر ئاستی هەرێم و لەسەر ئاستی هەموو کوردستان. لەسەر ئاستی عیراق و وڵاتانی ناوچەکەو دەرەوەشدا.
- زیاتر لەنیو سەدەیە بێ پچڕان و کۆڵدان لە بواری پەرەپێدان و پێشخستنی زانست و زانیاری، لە بواری گەشەپێدانی ژیانی ڕووناکبیری لە کۆمەڵگای کوردەواری لە خەبات و تێکۆشاندایە.
- بیری بەپێزو قەڵەمی بە بڕشتی دکتۆر عیزەدین تاوەکو ئەمڕۆ نزیکەی ٨٠ کتێب و بەرهەمی چاپکراوی زانستی هێناوەتە بەرهەم.
- کتێب و بەرهەمە زانستییەکانی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ڕووسی نووسراون، بەشێکی زۆریش لەو بەرهەمانە بۆ سەر

زمانەکانی دیکە لە وێنەی زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی، وەرگێڕدراون.

- بەشی هەرە زۆری کتێب و بەرهەمەکانی بریتین لە دیراسات و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو، ئەدەبیات، مێژوو، زمانەوانی و فەرهەنگ، ڕۆژنامەوانی، بوارەکانی دیکە، بەشێکیش لە بەرهەمەکانی بەرهەمی ئیبداعین لەوێنەی شیعرو چیرۆک و شانۆنامەو یاداشت نووسی.

( ئێمە لیستێکمان لەبەردەستە کە ناوی (٧٧) بەرهەمی زانستی و چاپکراوی تێدایە، لەبەرکەمی ماوەکە خۆ لە خوێندنەوەی دەبوێرین).

- لە دەیان کۆڕو کۆنفڕاسی زانستی لە ناوەوەی وڵات و لە دەرەوەدا بەشداری کردووە.
- تاوەکو ئەمڕۆ بە دەیان تێزی دکتۆراو ماجستێر، لە زانکۆکانی کوردستان و عیراق لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەم زاتە نووسراوەتەوە.
- سەرۆکایەتی و سەرپەرشتیاری دەیان لیژنەی گفتوگۆی نامەو تێزی زانکۆیی کردووە، لە زانکۆکانی کوردستان و عیراق، لە بوارەکانی ئەدەبیات و زمان و مێژوو و کۆمەڵناسی و ڕووناکبیری گشتیدا.
- ئەم زاتە لە بواری خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیشدا لەسەر ئاستی عیراق و کوردستان بەدرێژایی ٦٠ساڵی تەواو تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر بووە.

- پرۆفیسۆر عیزەدین یەکێکە لەو مامۆستا بەڕێزانەی کەوا هاوکارییەکی بەرچاوی هەبووە لەبەرەو پێش بردنی کاروانی ئەکادیمی لە زانکۆکەمان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا. چ لە قۆناغی خوێندنی بەراییدا، چ لە وانەوتنەوەو پێشکەش کردنی محازەرات لە کۆرسەکانی خوێندنی باڵا ــ ماجستێرو دکتۆرا ـ دا لەهەردوو بەشەکانی کوردی و عەرەبی.

وەکو چۆن سەرپەرشتی چەندین نامەو تێزی زانستی خوێندکارەکانی خوێندنی باڵای لەئەستۆ گرتووە.

ئەوە جگە لەوەی سەرۆکی لیژنەکانی گفتوگۆی چەندین نامەو تێزی زانستی بووە لە پسپۆڕییەکانی زمان و ئەدەبیات و مێژوو لە زانکۆکەمان.

هەربۆیە ئەمڕۆ زانکۆی کۆیە بە شانازییەوە بڕوانامەی (دکتۆرای فەخری) بەم زاتە دەبەخشێت، وەکو دەستپێشخەرییەک لەناو زانکۆکانی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە ڕووناکبیران و بیرمەندان و زانایانی کوردستان. هەروەها وەکو قەدرزانین و ڕێزگرتنێک بۆ نیو سەدە لە خەباتی زانستی و ڕووناکبیری ئەم کەڵە پیاوە. ئەنجا بەشێکیشی بۆ ئەوەیە کە لە ڕیزی مامۆستایان و پسپۆڕانی زانکۆکانی کوردستان بەشی شێری هەبووە لە خزمەتکردن و بەرەو پێش بردنی کاروانی زانست و زانیاری لە کوردستان.

( تکا لە بەڕێزیان دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆکە، ئێوەش تکایە بە پێوە بوەستن).

## له چاپكراوەكانی نووسەر

١. فەرهەنگۆك بۆ قوتابيانی كورد، عەرەبی، كوردی، بەغدا، ١٩٥٥.
٢. ميرزا فەتح عەلی ئاخندوف، نووسينی جەعفەر جەعفەرۆڤ. وەرگێڕانی نووسەر لە ڕووسييەوە بۆ عەرەبی، باكۆ، ١٩٦٢.
٣. ڕياليزم لە ئەدەبی كورديدا. (نامەی دكتۆرا، Phd)، بە زمانی روسی، كورتەی چاپكراو، باكۆ، ١٩٦٣.
٤. ڕياليزم لە ئەدەبی كورديدا، بێروت، سەيدا، ١٩٦٦ ( الواقعيه في الأدب الكردي).
٥. رازی دووری، كۆمەڵە شيعرو چيرۆك و يادگاری ئەدەبی، بەغدا، ١٩٦٧.
٦. ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، بەغدا، ١٩٧١.
٧. زمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی يەكەمی ناوەندی، لەگەڵ دوو دانەی تردا، بەغدا، ١٩٧١.
٨. سەرنجێ لە زمانی ئەدەبيی كوردی، بەغدا، ١٩٧١.
٩. لە بارەی ڕۆژنامەگەری كوردييەوە (بە عەرەبی)، بەغدا، ١٩٧٢.
١٠. ـ ١٥ زمان و ئەدەبی كوردی (بۆ پۆلی يەكەمی ناوەندی تا شەشەمی دواناوەندی)، ـ شەش بەرگ، هەموو بەشی ئەدەب لەلايەن نووسەرەوە نووسراوەو بەشداری بەشەكانيتريشم كردووە، ١٩٧٣ ـ ١٩٧٦.

١٦. ئەحمەدی خانی شاعیرو بیرمەند موتەسەویف و فەیلەسووف، بە ڕووسی، نامەی دکتۆرای ناووک، زانست Dse بە ڕووسی، لەگەڵ کورتەیەکی ڕووسیدا، مۆسکۆ، ١٩٧٧.

١٧. ئەحمەدی خانی، شاعیرو بیرمەند، فەیلەسووف و موتەسەویف، بە زمانی عەرەبی، بەغدا، ١٩٧٩.

١٨. شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ژیان و بەرهەمی، بەزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٩.

١٩. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، پوختەکراوو لێ زیادکراو، لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە چاپکراوە، ١٩٧٩.

٢٠. شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، بەغدا، ١٩٨٠.

٢١. ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر، ١٩٩٠.

٢٢. مەلای جزیری و شتێک لەبارەی ژیان و بەرهەمی، هەولێر، ١٩٩٠.

٢٣. ئوستاد، کارێکی ئەدەبییە لە ڕۆمان دەچێ، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢٤. گڕی دڵ (دیوانی شیعر، بە پێشەکی و لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییەوە، سلێمانی، ٢٠٠١).

٢٥. شاتوو، کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٦. بۆ زمان، چەند لێکۆڵینەوەیەکە بە زمانی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٧. چیرۆکی نوێی کوردی، هۆنراوەی نوێی کوردی، (نامیلکەیەکە)، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٨. چۆن دەبی بە کۆمۆنیستێکی باش، لیوشاوشی، لە عەرەبییەوە، کەرکوک، ١٩٥٤.

٢٩. له پێناوی دروستبوونێکی بەلشەویکانەدا، جۆزیف ستالین، له عەرەبییەوە، (کەرکوک ٩٥٥)، ( ئەم دوو کتێبە بە نهێنی لە چاپخانەی ح.ش.ع. بێ ناوی وەرگێڕ چاپکران).

٣٠. گولستان، سەعدیی شیرازی، وەرگێڕانی باوکی نووسەر، مەلا مستەفا (سەفوەت)ی حاجی مەلا رەسوول، لە فارسی یەوە بۆ کوردی. (نووسەر فەهرەست و ئێندێکسی پێ ناسینی ناوەکانی بۆ کردووەو لەگەڵ چەند وەرگێڕان بەزمانیتر بەراوردی کردووە، ئەمە دووجاریتر لە ئێران چاپکراوەتەوە).

٣١. کاروانێ لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، نووسینی کەریمی حیسامی، نووسەر بەناوێکی خواستراوەوە ( نزار مەحمود) کردوویەتی بە عەرەبی، بەغدا، ١٩٨٢.

٣٢. جەژنانە، کۆمەڵێک چیرۆکی ڕووسییە بۆ منداڵان، وەرگێڕانی نووسەر لە ڕووسییەوە بۆ کوردی، بەغدا، ١٩٨٢.

٣٣. مەمی ئالان، لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، بەغدا، ١٩٨٤.

٣٤. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، نووسەر خۆی بە لێ زیادکردنەوە کردوویەتی بە عەرەبی، بەغدا، ١٩٨٧.

٣٥. زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ( قانوونەکانی و بەرەو پێشچوونی، وەرگێڕانی کتێبی پڕۆفیسۆر ڤینۆگرادۆڤ لە ڕووسییەوە بۆ کوردی، بەغدا، ١٩٨٩.

٣٦. تیۆریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات، نووسینی چەند زانایەکی سۆڤیێتی، پێداچوونەوەی (د.ضیاء نافع) ـ وەرگێڕانی نووسەر لە ڕووسی یەوە بۆ عەرەبی، بەغدا، ١٩٩١.

٣٧. عەبدوڵڵا گۆران، هەموو شیعرەکانی (وەرگێڕان و پێشەکی نووسەر) لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، بەغدا، ١٩٩٠.

٣٨. چل ساڵ خەبات (وەرگێڕانی کتێبی دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو). لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، بە پێشەکییەکی فراوانەوە، هەولێر، ١٩٩٢.

٣٩. کورد ( وەرگێڕان و پێشەکی و پەڕاوێز بۆ نووسینی)، کتێبی زانای گورجی (مینتیشا شیڤیللی) یە، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە بۆ کوردی، سلێمانی، ١٩٩٨.

٤٠. مەسەلە کوردستان. ( وەرگێڕانەوەی پوختەکراوی کتێبی قەدری جەمیل پاشا، زننار سلووپی، لە تورکییەوە بۆ عەرەبی، بە پێشەکییەکی فراوانەوە لەلایەن (ع.م. ر.) ەوە، بێروت، ١٩٩٧.

٤١. دیوانی شیعری کوردی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک لە شیعری کوردی بە پێشەکییەکی فراوانەوە، شام، ١٩٩٨.

٤٢. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکارانە ( الدراسات الادبیە المقارنە أو علم الأدب المقارن)، وەرگێڕانی کتێبی ژیرمووتسکی لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی، بە زۆر پەراوێزەوە، سلێمانی، ٢٠٠٠. ب.١.

٤٣. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد یا زانستی ئەدەبی بەراورد، (الدراسات الادبیە المقارنە). بە پەراوێزەوە، سلێمانی، ٢٠٠٠. ب.٢.

٤٤. پەروەردەی ئاینی، بۆ پۆلی چوارەمی دواناوەندی (وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و بڵاوکردنەوەی) لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سوجادی دا، بەغدا، ١٩٦٧.

٤٥. مەم و زین، وەرگێڕانی داستانەکەی ئەحمەدی خانی ٢٦٦٥ دێرە شیعر لە کوردی یەوە بۆ عەرەبی، بە پێشەکی و پەراوێزەوە، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٤٦. شانۆی ناو ماڵ، قسەی خۆشی کوردییە، کۆکردنەوەو داڕشتنەوەی مەلا مستەفا (سەفوەت) ی حاجی مەلا ڕەسووڵ، بڵاوکردنەوەو پێشەکیی (ع.م. ر). بەغدا، ١٩٧١.

٤٧. عەمەرێ جەلالی، ( داستانێکی شیعرە، ئامادەکردنی نووسەری کۆچکردووی کوردی سۆڤێتی جاسمی جەلیل). نووسەر (ع.م. ر) لە تیپی (سلاڤی) یەوە گۆڕیویەتییە سەر تیپی عەرەبی (ئارامی) ی نووسینی کوردی و پێشەکیی بۆ نووسیوەو فەرهەنگۆک و فەهرەستی بۆ کردووە، بەغدا، ١٩٨٣.

٤٨. قارەمانێتیی کورد لە داستانی قەڵای دمدمدا، وەرگێڕانی شکور مستەفا بۆ عەرەبی لە کتێبی عەمری جەلالیی جاسمی جەلیلەوە. پێشکەشکردن و پێداچوونەوەی د.عزالدین مصطفی رسول، بغداد. ١٩٨٣، جارێکیتر لە بێروت لە لایەن خانەی کاوەوە چاپکراوەتەوە.

٤٩. دیوانی سەفوەت، شیعری مستەفا (سەفوەت)ی حاجی مەلا ڕەسووڵ، کۆکردنەوەو تەحقیق و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەو پێشەکیی (ع.م. ر) بەغدا، ١٩٨٤.

٥٠. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، تەحقیق و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوە، بەغدا، ١٩٨٧.

٥١. عەبدولواحید نووری، هەموو کارەکانی (کۆکردنەوەو پێشکەشکردن)، بەغدا، ١٩٨١.

٥٢. دیوانی موخلیس، (حاجی مەلا رەسول دێلێژە)، کۆکردنەوەو تەحقیق و لێکۆڵینەوەو پێشەکی، سلێمانی، ١٩٩٨.

٥٣. قەدری جان، ( هەموو کارەکانی و تەحقیقیان، لە شیعرو چیرۆک و وتارو وەرگێڕان، و گۆڕینی لە تیپی لاتینی بۆ تیپی عەرەبیی ئەو نووسینە کوردییە، بە پێشەکییەکی درێژی ٥٦ لاپەڕەییەوە، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٥٤. گۆرانیی میللی کوردیی ناوچەی یەریڤان، کۆکردنەوەو پێشکەشکردنی جەمیلەی جاسمی جەلیل (نووسەر ع.م. ڕ) ئەو سەد گۆرانییەی لە تیپی سلاڤی نووسینی کوردییەوە گۆڕیوەتە سەر تیپی عەرەبیی ئەو نووسینەو پێشەکییە ڕووسییەکەی لە ڕووسییەوە کردووە بە کوردی و فەرهەنگی بۆ کردووە، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥٥. لێکۆڵینەوە لەمەیدانی فۆلکلۆری کوردیدا، وەرگێڕانی کتێبی نووسەر، لەلایەن هاشمی سەلیمییەوە وەرگێڕدراوە بۆ فارسی، تاران، ١٩٨٨.

٥٦. وەرگێڕانێکیتری ئەو کتێبە بۆ فارسی لەلایەن (عیرفانی ساحێبی) یەوە، بڵاوکردنەوەی خانەی (سەلاحەدینی ئەیووبی)، أرومیە، ١٩٩٩.

٥٧. به پێنووسی کوردێک ( بقلم کردی)، کۆمەڵێک وتارو یادگاری ڕۆژنامەنووسی و تۆمارە، به عەرەبی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥٨. بەشێک لەیادداشتەکانم، بەرگی یەکەم، دەستگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥٩. کوردستان یا وڵاتی کوردان، چاپی دووەمی کتێبی یوسف مەلەک، پێداچوونەوەو پوختەکردن و پێشەکیی نووسەر، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦٠. لێکۆڵینەوەو گزنگ (بحوث و شذرات) به عەرەبی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦١. ئەحمەدی خانی، شاعیرو بیرمەند، وەرگێڕانی بۆ تورکی لەلایەن مامۆستا (قەدری یلدرم)ەوە، چاپی دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاوێستا. ئەستەمووڵ ٢٠٠٠، (به پێشەکی نووسەرو بۆ چاپی تورکی و لێ زیادکردن و چاپی ئەو بەشەش کە سانسۆری بەغدا ساڵی ١٩٧٩ له چاپه عەرەبییەکەدا لای دابوو).
٦٢. کوردستان ١، شانۆگەرییەکە نووسەر ساڵی ١٩٦٥ نووسیویەتی، به پێشەکی نەمر د.ئیحسان فوئادەوە چاپکراوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٦٣. دیوانی موحی ( شێخ عەبدولقادری گەیلانی)، مەلا مستەفا (سەفوەت) ی حاجی مەلا ڕەسووڵ لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، نووسەر (ع.م.ڕ) پێداچۆتەوەو بەراوردی کردووەو پێشەکی بۆ نووسیوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٦٤. ئاگر، شانۆگەرییەکی نووسەری بولگاری (رادۆییڤ) ه. نووسەر (ع.م.ڕ) کردوویەتی بەکوردی و پێشەکیی بۆ نووسیوە. ( شانۆگەرییەکە

لە بارەی دادگاییکردنی رابەری بولگاری دیمترۆڤە بە تاوانبارکردن لە سوتاندنی رایخشتاگەوە). سلێمانی، ٢٠٠٨.
٦٥. ڕیالیزم و ریالیزمی نوێ، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٦٦. کاردانەوەی تیرۆری جیهانی (بە عەرەبی) ـ رد فعل الارهاب العالمي (کونفراس في أستنبول ٢٨ ـ ٢٩ شباط ــ ادار ٢٠٠٤.
٦٧. دراسات العدد ١ – ١٩٩٢ ، من منشورات مرکز الدراسات الکردیه اصدار فلک الدین کاکائی، و الدکتور عزالدین مصطفی رسول.
٦٨. شیعری شاراوانیی جگەرخوێن، نامەی دکتۆرای ئوردویخانی جەلیلە، نووسەر (ع.م.ڕ) لە تیپی سلاڤییەوە گێڕاویەتییە سەر تیپی عەرەبیی نووسینی کوردی لە دیالێکتی کرمانجی ژووروووە گێڕاوێتە سەر کرمانجیی خواروو و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، دهۆک، وەشاندنخانەی سپێرێز، ٢٠٠٨.
٦٩. مەمێ و زینێ، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو داستانەی جاسمی جەلیل بەو ناوەوە چاپی کردووە، نووسەر لە پاڵ لێکۆڵینەوەو بەراوردەکەی خۆیدا، تێکستەکەی (جاسمی جەلیل) ی لە تیپی سلاڤییەوە وەرگێڕاوەتە سەر تیپی عەرەبیی نووسینی کوردی و بە (فەرهەنگ) ێکی وشەکانەوە بڵاویکردۆتەوە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٨.

لە ژێر چاپدا.

٧٠. بەشی دووەم لە یاداشتەکانم، دەستگای سەردەم.

٧١. ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، وەرگێڕانی کتێبی نووسەرە (لە عەرەبییەوە بۆ فارسی)، لەلایەن جەلیلی ئازادیخواوە.

٧٢. ئەدەبیاتی نوێی کوردی، وەرگێڕانی کتێبی نووسەرە لە کوردییەوە بۆ فارسی لەلایەن سەید موعتەسەمی هاشمییەوە. ( ئینستوتی کورد لە تاران چاپی دەکا).

٧٣. دیالۆگ (حوار) لەگەڵ قەشەیەکی گاوردا، نووسینی باپیری نووسەر (حاجی مەلا ڕەسووڵ) ی دێلێژە، (موخلیس، مخلص) بە زمانی فارسی، نووسەر (ع.م.ڕ) پێشەکییەکی لە بارەی نووسەرەوە بۆ نووسیوەو. لەلایەن حەسەنی هاشمییەوە کراوە بە فارسی و لە کرمانشاە چاپ دەکرێت.

ئامادە بۆ چاپ

٧٤. بەرگی یەکەم لە مێژووی ئەدەبی کوردی.

٧٥. پێشەکییەکانم.

٧٦. کتێبی ( تنزیه الروح) کە حاجی مەلا ڕەسووڵ بە عەرەبی لە بارەی کاک ئەحمەدی شێخەوە نووسیوێتی، نووسەر (ع.م.ڕ) ئامادەی کردووەو پێشەکی بۆ نووسیوە.

ئەمە ئەو لیستە بوو کە وەکو پاشکۆ لە کتێبی (ئەحمەدی خانی، شاعیرو بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی) لە ساڵی ٢٠٠٨ دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دیارە لەو مێژووە بەدواوە کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەو بەرهەمی دیکەی شادڕەوان د.عیزەدین چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لە پێشەوەیاندا هەردوو بەرگی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) یە، کە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢ – ٢٠١٣ چاپ و بڵاوبوونەتەوە. بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی دیکەدا بتوانین تەواوی بەرهەمە چاپکراوو چاپنەکراوەکانی مامۆستای نەمرمان لە لیستێکی پوختەو تەواوو ڕێکوپێکدا بخەینە بەردەست.

## بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری
## بە زانای مێژوونووس پ.د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

ساڵ وەرسوڕایەوەو بە وەرزی بەهار شادو شوکر بووینەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دەهات لە کۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠١٢ – ٢٠١٣ نزیک دەبووینەوە. لە دەرفەتێکدا لەو بەهارە بەماڵ و خێزانەوە چووبووین بۆ سلێمانی. شارە حەیاتەکە، کە بۆ ئێمەمانان هەمیشە وەکو ڕووگەیەک وابووەو لە ساڵێکدا چەندجار ڕوومان تێکردووە. لە نەشئەو خۆشاوی دۆستایەتی مامۆستاو نووسەرو ڕووناکبیرانی، لە سەیری دوکان و بازاڕو شەقام و قەیسەری جوان و ئاوەدانی، لە گەشت و گەڕانی ناو کتێبخانەی زۆرو بە بڕشت و دەوڵەمەندو بەسەرو سامانی، لە سیحری چاوئەندازی گەشتی دڵڕفێنی دەباشان و پشتی ئەزمەڕو مێرگەپان و سەری گوێژەو ئاوو جوێباری سەرچنارانی .... هەستو خوستمان، دڵ و گیان و دەماغ و تامەزرۆییان بەجارێ مەست و تێراو دەبێت.
ئەوڕۆژە نازانم چۆن وا ڕێککەوت دانی بەیانییەکەی بوو ئێمە لە سەرچنار بووین، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، لەو سەرەوە سەرۆکی زانکۆ بەڕێز د.خدر مەعصوم بوو. لەگەڵ چاکو چۆنی و ئەحواڵ پرسین، گوتی لێرە لە کۆیەی یا لە شوێنی تر؟ گوتم قوربان حاڵ واو حساب وا. گوتی دووشت هەیە دەمەوێ پێت بڵێم، گوتم بفەرموون. گوتی یەکەم ئەوەیە کە بۆ ئەمساڵ د. کەمال مەزهەرمان لە خەیاڵدایە کاندیدی بکەین

بۆ پێدانی بڕوانامەکە، ئایا ئەتۆ ڕات چییەو پێت چۆنە؟ گوتم قوربان د. کەمال مەزهەر ئەحمەد هەر بەڕاستی سەروەتێکی نەتەوەییە بۆ ئێمەی کورد، لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا ڕێک بە قەدەر شۆڕشێک دەوری هەبووە. ئەنجا عەرەب گوتەنی، وهو أشهر من نار على علم، بۆ ئێستەش قەت لەو زاتە چاک و چێتر هەڵناکەوێت. تا لە زانکۆکەی خۆمان ڕێزی لێ بنێین.

گوتی: دە باشە دووەم، بگەڕێوە بۆ زانکۆ تا بەیەکەوە مەسەلەکە تاوتوێ بکەین.

سەرەتای حەفتەی داهاتوو گەڕامەوە دەوام، لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ وا ڕێککەوتین تیمێکی ڕاگەیاندنی زانکۆ لەگەڵ خۆمدا بەرم و بچین سەردانیماڵی دکتۆر کەمال مەزهەر بکەین، بۆ ئەوەی هەم لە نزیکەوە لە بڕیاری سەرۆکایەتی زانکۆ ئاگاداری بکەینەوە، هەمیش نیمچە دیدارو چاوپێکەوتن و کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ماڵەکەی و کتێبخانەکەی سازبکەین.

لەگەڵ خاتوو شەهلا حەیدەری خێزانییەوە پەیوەندیمان گرت، بڕیارەکەی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەم پێڕاگەیاند، خۆشحاڵی و پێزانینی خۆی نیشاندا، لەگەڵیشی ڕێککەوتم کەوا خۆم و تیمەکەم بچین سەردانی ماڵەکەیان بکەین لە گوندی ئینگلیزی لە هەولێر.

لە ڕۆژی دیاریکراودا هاوڕێ لەگەڵ (م. محەمەد بابۆلی) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی زانکۆو (حاجی دڵشاد کاکەڕەش)ی وێنەگر چووینە سەردانی ماڵەکەیان. د. کەمال لەوکاتەدا نەخۆشی وا بەجارێک بڕستی لێ

نەبڕیبوو، ماسولکەکانی لەشی تۆزێک ڕەق هەڵاتبوون و دەبوایە لەکاتی ڕۆیشتن، یان هەڵسان و دانیشتندا ئاگاداری بیت.

دوو سەعاتێک لە ماڵی دکتۆرماینەوە، کارەکانمان جێبەجێکردو ماڵئاوایمان لە دکتۆرو شەهلاخان کرد، بەو ئومێدەی بەیانی ڕۆژی ٣٠-٦-٢٠١٣ لە کاتژمێر (١٠) ی بەیانیدا لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەدا، لە چاوەڕوانیان دەبین و بە دیداریان شاد دەبینەوە.

لە پاشان بەندە بۆ ئەوەڕۆژەو بۆ بەڕێوەچوونی ئەو بۆنەو مەڕاسیمە نیمچە ڕیپۆرتاجێکم نووسی و ئامادەکرد، کەوا لەو ڕۆژەدا لە میانی ئاهەنگ و ڕێورەسمەکەدا پێشکەشمانکرد. وا لێرەدا دەقی ئەو ڕیپۆرتاژە وەک خۆی دێنینەوە. لە دوایشدا ناونیشانی ئەو کتێب و دانراوانەی دکتۆر کەمال مەزهەر دێنینەوە کەوا لە کتێبخانەکەی بەندەدا هەن و لە خانەی تایبەت لە دانراوەکانی ئەودا دامناون، کە ڕەنگە ئەگەر هەموو کتێب و دانراوەکانی نەبێت ئەوا شتێکی وای کەم نییە.



پ.د.خدر مەعصوم سەرۆکی زانکۆی کۆیە بریاری پێدانی پروانامەکە دەخوێنێتەوە .



سەرۆکی زانکۆ و ئەنجومەنی زانکۆو پ.د.عوسمان دەشتی، لەکاتی پیرۆزبایکردن لە بەڕێز د.کەمال .





سەرۆکی زانکۆ و ئەنجومەنی زانکۆ لەکاتی پیرۆزبایکردن لە
بەڕێز د.کەمال .

## لەبارەی زاناو مێژوونووسی ئەکادیمی

## ناوداری کورد د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

- ئەو دەڵێ:

مێژوو زانستی زانستەکانە، وەکو خوێی چێشت وایەو لەناو هەموو زانستێکدا هەیە، چونکێ هەر زانستێک مێژوویەکی خۆی هەیە.

- کەمال مەزهەر، ئەو کەڵە مێردەیە کە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا، لە ڕیزی مێژوونووسانی ناوداری کورد، شەرەفخانی بتلیسی و محەمەد ئەمین زەکی بەگدا، لە ئێستادا نگین و تاجی تۆماری مێژووی لەسەرناوە.
- لەدوای نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام، لە بواری مێژوونووسی زانستی و ئەکادیمیدا، تاوەکو ئەمڕۆ لە کارو کۆشش و بەخشینی بەردەوامدایە، شەوی خستۆتە سەر ڕۆژو ڕۆژی خستۆتە سەر شەو، تاوەکو پەردە لەسەر نهێنی و لایەنە شاراوەکانی مێژووی نەتەوەکەوی لابدات و ڕووی درەخشانی بەدیار بخات.
- لە ڕێککەوتی ١٤ی شوباتی ساڵی ١٩٣٧ لە شارۆچکەی ئاغجەلەر چاوی لە ژیاندا هەڵهێناوە.

- ئەو کە لە خێزانێکی دیاری شاری سلێمانییە، قۆناغەکانی خوێندنی بەرایی لەو شارە تەواو دەکات، ئەنجا ڕوودەکاتە بەغدای پایتەختی عێراق و لەوێ بە پلەی شەڕەف بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری مێژوو لە ساڵی ١٩٥٩ لە زانکۆی بەغدا وەردەگرێت.
- ساڵی ١٩٦٠ بەمەبەستی خوێندنی باڵا ڕوو دەکاتە وڵاتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دکتۆرای یەکەم لە ئینستووتی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەتی، لە پسپۆڕی مێژوو و لەژێر سەرپەرشتی ڕەحیمی قازیدا وەردەگرێت.
- ساڵی ١٩٦٩ دکتۆرای دووەم (دکتۆرای ناوک) ی لە هەمان دامەزراوەی زانستی وەرگرتووە.
- لە ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە وڵات و وەکو مامۆستای وانەبێژ لە بەشی مێژووی کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دەست بەکاردەبێت و تا ساڵی ٢٠٠٨ لەو کارەدا دەمێنێتەوە.
- هەر لەو ساڵانەدا سکرتێری کۆڕی زانیاری کورد بووە لە بەغداو ئەندامی کارای ئەو دەزگایە بووە.
- لەو ڕۆژەوەش گەڕاوەتەوە کوردستان وەکو ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی کار دەکات.
- کارو خەباتی زانستییانەی ئەم مرۆڤە بیر ڕووناک و قەڵەم بە بڕشتە، لە وەسف و تاریف و ژماردن نایەت، هەر بۆ نموونە دەڵێین:

- به دەیان کتێبی دانسقەی لە بواری مێژوونووسی کوردو مێژووی عێراق و گەلانی ناوچەکە بە زمانی عەرەبی و ڕووسی و ئینگلیزی پێشکەش بە دنیای مێژوونووسی و زانستی و ئەکادیمی کردووە.
- بەشێک لەو کتێب و بەرهەمانەی بۆ سەر زمانەکانی تورکی و فارسی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.
- بە دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە.
- سەرپەرشتی دەیان نامەو تێزی زانستی ماجستێرو دکتۆرای کردووە.
- بە دەیان شاگردو خوێندکارو خەڵکی پسپۆڕی لە بواری مێژوونووسیدا لە ڕۆڵەکانی کوردو غەیری کورد لەژێر دەستی ئەودا پێگەیوون.
- لەهەموو زانکۆکان و لەسەرتاسەری عێراقدا لەشکرێکی تەواو لە مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری مێژووناسی، لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵای ماجستێرو دکتۆرا خوێندکارو شاگردی ئەو بوون.
- وەکو لە دەمی ئەو خوێندکارانە بە تایبەت غەیرە کوردەکانیان بیستوومانە کە دەڵێن: ئەوان هەر لە ڕێگای د. کەمال مەزهەرەوە بووە کە بە ڕاستی کوردیان ناسیوە، ئەنجا لە پای ئەمەش کوردیان خۆشویستووە.
- لە دەیان کۆڕو سیمینارو کۆنفڕاسی زانستیدا لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق بەشدای کردووە.

- به دەیان کتێب و نامەی زانستی و ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی نرخاندووە، یا پێشەکی بۆ نووسیون، یا پێداچوونەوەی بۆ کردووە.
- به دەیان باس و وتاری ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوەخۆی وڵات، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی دەیان لیژنەی تاوتوێی گفتوگۆکردنی نامەی ئەکادیمی ماجستێرو دکتۆرا بووە.
- لە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاری ناوخۆیی و عێراقیدا بە کوردی و بە عەرەبی، یا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەرەوەی عێراق، کارو کۆششی زانستییانەی بە بەرزی و شکۆدارییەوە نرخێندراوەو لەلایەن دەیان ڕۆژهەڵاتناس و نووسەرو مێژوونووس و ڕۆژنامەوانەوە کارو کردەوە زانستییەکانی بە بەرزی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە.
- به دەیان مێداڵی شەرەف و بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێشکەشکراوەو چەندین کۆڕو سیمیناری قەدرزانی و ڕێزلێگرتنی بۆ سازکراوە.
- ماوەی نزیکەی دە ساڵ مامۆستای وانەبێژی زانکۆکانی عێراق بووە، لەسەر دەستی ئەو تاخمێک ڕۆڵەی کورد، لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرا پێگەییون و خزمەتێکی بەرچاوی لە بواری خوێندنی باڵا پێشکەش بە زانکۆکانی کوردستان و لێکۆڵینەوەی زانستی کردووە.

باسی چی بکەم
وەختێ وتم: ئەو باڵا بەرزەی تۆ
بە کلووری هەموو دنیا ناگۆڕمەوە
باسی چی بکەم
گۆلاوە شینەکەی دەربەند !
تەبارە گەنمەکانی عەربەت !
لوتکە بەرزەکانی شاهۆ
سەری سەوزی هەیبەت سوڵتان !
لە بۆچوونم بەرین ترن
زۆر قووڵترو گەورەترن (*)

***

ئەمڕۆ گیانی حاجی زیندوو بۆتەوە، شاگەشکە دەبێ، کە دەبینێ،
لە شارە زانین خوازەکەی
لە مەڵبەندی ئەدیب و شاعیرو مەلاو زانایانی
لە مەکۆی ئاوازو گۆرانی و هونەری جوانی
لە زێدی قارەمانانی کوردایەتی نیشتمانپەروەرانی
لەزانکۆی کۆیەدا لە مابەیتی کەکۆن و هەیبەسوڵتانی
یادی کەڵە پیاوان دەکرێتەوەو ڕێز لە زانایان و زانستیارانی گەلەکەی دەگیرێت.

---

* مۆنتاجکردنی شیعرێکی شاعیری داهێنەرو بلیمەت (ئەنوەر قادر محەمەد)ە.

بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەرێز پ.د. خدر مەعصوم دەکەین با بفەرموویت بڕیارو ڕێزلێنانەکە پێشکەش بکات.

ڕێککەوت ٣٠- ٦- ٢٠١٣، لە ڕۆژی ئاهەنگی ساڵانەی دەرچوونی خولی حەوتەمی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە .

# لیستی ناوی کتێب و دانراوەکانی
## د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

١. کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ١٩٧٥، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

تێبینی: ئەم کتێبە لە لایەن محەمەدی مەلا کەریمەوە کراوەتە عەرەبی بەم ناونیشانە:

( کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، راجعه و نقحه و زاده المؤلف، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٧.

٢. ثورة العشرين في الاستشراق السوفيتي، ١٩٧٧، كلية الاداب، جامعة بغداد.

٣. دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، ١٩٧٨، مطبعة الحوادث، بغداد.

٤. تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ١٩٧٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد.

٥. ئافرەت لە مێژوودا، ١٩٨١، چاپخانەی الحوادث، بغداد.

٦. الطبقة العاملة العراقية، التكون و بدايات التحرک، ١٩٨١، دار الرشيد للنشر، بغداد.

٧. مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کوردو مێژوو، ١٩٨٣، مطابع دار أفاق عربية، بغداد.

٨. چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ١٩٨٥، چاپخانەی الادیب البغدادیة، بەغداد.
٩. دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، ١٩٨٥، مطبعة أركان، بغداد.
١٠.صفحات من تاريخ العراق المعاصر، ١٩٨٧، منشورات مكتبة البدليسي، بغداد.
١١.انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ٢٠٠١، جمعية كاوا، بيروت، لبنان.
١٢.چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ٢٠٠١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
١٣.ڕێنیسانس، لەگەڵ باسێکی تر بەناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ، ٢٠٠٤، چاپی دووەم، وەرگێڕانی: فوئاد مەجید میسری، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
١٤.كركوك و توابعها، حكم التاريخ و الضمير، ٢٠٠٤، مطبعة رينوين، السليمانية.
١٥.کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٨، چاپخانەی گرین گالۆری، لبنان.
١٦.کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی دووەم، ٢٠١٤، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٧.وردبوونەوەیەکی مێژوویی دەربارەی مەکیاڤیللی و مەکیاڤیللیزم، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە (٦) ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٩ی

گۆڤاری (افاق عربية) دا بڵاوكراوەتەوە، حسين عارف وەریگێڕاوەتە سەر كوردی و لەسەر پێشەكی كتێبەكەیدا، مير، ١٩٨٢، مطبعة سميراميس، بغداد، چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

١٨. هەر لەگۆڤاری (افاق عربية)دا، لە ساڵانی هەشتاكاندا لێكۆڵینەوەیەكی بڵاوكراوەتەوە بەناوی (الاتجار بالرقيق .... ) كە لە كۆنفڕاسێكی زانستیدا لە وڵاتێكی عەرەبی سەرووی ئەفریقادا بەڕێوەچووبوو پلەی یەكەمی بەدەستهێنابوو. دواتر ئەم لێكۆڵینەوەیە لەلایەن كاك محەمەدی مەلا كەریمەوە كراوەتە كوردی بەناونیشانی (بارزگانی كردن بە كۆیلەوەو ڕۆڵی لە بنیاتی سەرمایەداری جیهانیدا) چاپ و بڵاوكراوەتەوە. بەداخەوە ئەم گۆڤارو سەرچاوانەش هەبوو، بەڵام ئێستا لە كتێبخانەكەمدا سۆراغیان نییەو نازانم چییان بەسەردا هاتووە.

كورد واتەنی دەستم بەهەویرەو هەر ئەوەندەم لە بیرە، من ئەوەندی لەبەرهەمەكانی د. كەمال مەزهەردا دەناسم و دەزانم، ڕەنگەو بێ شكم لەوەش كەوا وتارو لێكۆڵینەوە، هەتا كتێبی چاپكراوی دیكەشی هەبێت، نەخاسمە بە زمانی ڕووسی و زمانی عەرەبی، ... كەوا ڕەنگە بەندە پێی نەزانیبێت.

بەداخێكی زۆرەوە ڕاستییەكی زۆر تاڵ هەیەو هەر دەبێت لەو شوێنەدا دانی پیادابنێین، ئەویش ئەوەیە كەوا مامۆستای مێژوونووسی ناوداری كورد، ماوەی ساڵانێكە بە دەست نەساغییەوە دەناڵێنێت، بەجۆرێك كەوا

نەخۆشی بەجارێک هێزو بڕستی لێبڕیوەو لەنەخۆشخانەیەکی هەندەراندا عیلاج و چارەسەری بۆ دەکرێت.

لێرەدا هەموومان دەستەو دوعا دەوەستین و تەمەنای لەش ساغی و تەندروستی و تەمەندرێژی بۆ دەخوازین.

## بیرۆکەی بەخشینی دکتۆرای فەخری
## بە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی

پ.د. وەلی مەحمود حەمەد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە

من لە ڕۆژی (٢٠١٥/١/٢٨) بووم بە سەرۆکی زانکۆی کۆیە دیارە هەندێ کەس زۆر پاڵپشتیان کردم، هەندێک پێیان خۆش بوو، هەندێکیش نا. من هەر ئەوکات و ئێستاش سوپاسی ئەوانەم کردو دەکەم کە پاڵپشتیان کردم و شەڕیان لەسەر کردم گەردەنی ئەوانەشم ئازاد کرد کە پێیان خۆش نەبوو من ئەو پۆستە وەربگرم، دیارە لەگەڵ یەکتر وەک یەک بیرمان نەکردۆتەوە وە لای من ئەو جۆرە شتانە سروشتین ڕوودەدەن. بەشێک لەو برایانەم ئێستا ڕایان گۆڕاوەو دۆستایەتیمان خۆشە.

لە دوای دەستبەکاربوونم کاک ڕەهبەری سەید برایم وەک کەسێکی ڕووناکبیرو نووسەرو ڕاگەیاندنکار، وەک پێشمەرگەو بەرپرسی مەڵبەندی کۆیەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە هاوکارم بوو گوتی ئێمە دووشتمان لە تۆ دەوێ یەکێکیان ئەوەیە دکتۆرایەکی فەخری بدەن بە مام جەلال دووەم زانکۆی کۆیە ببێتە یەکەم لەسەر ئاستی کوردستان. منیش گوتم هەوڵی خۆم دەدەم، چونکە هەردوو بابەتم لا

گرینگ و گەورەیە. دەستم پێکرد سەرەتا ویستم زانکۆی کۆیەو دامەزراندن و دامەزرێنەرەکەی باشتر ساغ بکەمەوە فەرمی تر مامەڵەی لەگەڵ بکەین. دەستم کرد بە بابەتی ساغکردنەوەی ڕۆژی زانکۆی کۆیە ئەوەبوو چەندین بەرواری جیا جیا هەبوون لە ئەرشیف، بەڵام دواتر ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە بە تێکرای دەنگ ساغ بووینەوە لەسەرئەوەی کە ڕۆژی دانانی بەردی بناغەکەی لەلایەن بەڕێز (مام جەلال)ەوە کە دامەزرێنەری زانکۆیە (٢٠٠٣/١٠/١١)یە.

دوای ئەوە کەوتمە سۆراغی چۆنییەتی بەخشینی دکتۆرای فەخری بەمام جەلال، چونکە مام نەخۆش کەوتبوو نەماندەزانی چۆن ئەم بابەتە لەگەڵ بنەماڵەو خێزانەکەی باس بکەین. ئەمە ماوەیەکی خایاند کە من (دەمویست لەیەکەم مەڕاسیمی رۆژی زانکۆی کۆیە کە (١٢) ساڵەی دامەزراندنی زانکۆکە بوو، ئەم بڕوانامەیە ببەخشین بە مام). هەڵسام لەگەڵ پەرلەمانتارو هاوکارم کاک گۆران ئازاد بابەتەکەم باسکرد زۆری پێ باش بوو، گوتی چی لەمن داوادەکەی؟ گوتم لەگەڵ هێرۆخان و کاک قوباد باسی ئەم بابەتە بکەو وەڵامم بدەوە. پاش ماوەیەک گوتی قسەم لەگەڵ کردوون بەلایانەوە ئاساییەو ئەوان هیچ لاریان نییەو هاوکارو کارئاسانی دەکەن. بۆ مێژوو دەیڵێم هەندێک لە هەڤاڵانمان لە سەرکردایەتی جوابیان نارد کە ئەم کارە نەکەم وە (مام) پێویستی بەمە نییە، بەڵام ئێمە دەستمان کرد بە خۆئامادەکردن و ئەنجومەنی زانکۆ پێشنیازەکەی بەرزکردەوە بە کۆنووس بۆ وەزارەت. ئەوکات کاک د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بوو

(پەسەندی کۆنووس و بابەتەکەی کرد). دەستمان کرد بە ئامادەکاری و فەرمانی زانکۆییمان دەرکرد بە بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە بەڕێز مام جەلال لە بواری یاساو مافەکانی مرۆڤ.

چونکە لەلایەک مام جەلال هێندە بەتوانا بوو لە بواری سیاسەت و مافەکانی مرۆڤ و پاڵپشتی ئازادییەکان وە خۆی دەریایەک لە تواناو زانیاری بوو، لە لایەکی تریش دامەزرێنەرو پاڵپشتێکی هەرە بەهێزی زانکۆی کۆیە بوو، بەڵام داخمان ناچێ تا کاتی پێشکەشکردنی بڕوانامەکە تەندروستی (مام) ماوەی ئەوەی نەدا کە ئەو بێت بۆ زانکۆ و لەکاتی مەراسیمی دەرچووان بڕوانامەکەی پێ بدرێت.




بڕوانامەی بەکالۆریۆسی سەرۆک مام جەلال لە بواری یاسا
لە زانکۆی بەغدا.


حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە
Koya University

KOYA UNIVERSITY

# بڕوانامەی دکتۆرا

**DOCTORATE CERTIFICATE**

ئاماژە بە دانیشتنی ئەنجومەنی زانکۆ ژمارە (١٦) لە بەرواری ٢٠١٥/٩/٢٩
دوای ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
بڕیاردرا بە، بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە
بەڕێز (جلال حسام الدين نورالله تاڵەبانی) (مام جەلال)
لە بواری (یاسا) لەبەر ئەو خەباتە درێژە یاسایی و سیاسیەی کە هەیەتی وە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و یاسا بووە و دامەزرێنەری زانکۆمانە. بۆیە ئەم بڕوانامەی پێ بەخشرا.

سەرۆکی زانکۆ

بڕوانامەی دکتۆری فەخری سەرۆک مام جەلال لە بواری یاسا
لە زانکۆی کۆیە.



پ.د.وەلی مەحمود حەمەد سەرۆکی زانکۆی کۆیە، پروانامەی دکتۆرای فەخری پێشکەش بە سەرۆک مام جەلال دەکات





پ.د.وەلی مەحمود حەمەد سەرۆکی زانکۆی کۆیە کورتەیەک سەبارەت بە زانکۆ پێشکەش بە سەرۆک مام جەلال دەکات .

بۆیە هەر کاک گۆران ئازاد مشوری ئەو سەردانەی زانکۆی خواردو خۆشی ئامادەبوو لە ڕۆژی (٢٠١٥/١٠/١٠) واتە ڕۆژێک پێشی ئاهەنگ و مەڕاسیمی دەرچووان لە زانکۆمان ئەنجومەنی زانکۆی کۆیەی ئەوکات، چووین بۆ دەباشان بۆ خزمەت مام بۆ بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری. ڕۆب و جلی فەرمی رۆژی بەخشینی بڕوانامەکەمان کردە بەر مام جەلال بە کڵاوەکەشەوە. وە لەکاتی پێدانی بڕوانامەکەو قسەکانی من، (مام) هەرچەندە تەندروستی زۆر خراپ بوو دەیویست بە باشی بڕوانامەکە بگرێت بەدەستی خۆی ئەوەندەی دەیتوانی. وە لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد ڕوومەتەکانی مام سور هەڵگەڕابوون لە دڵخۆشیان بە ئاستی زانکۆی کۆیە. دوای ئەوەی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن و پۆست و پلەی هەر یەکێکیانم پێشکەش کرد، کورتەیەکی کورتم لە سەر زانکۆ بۆ باسکرد ژمارەی فاکەڵتی و بەش و پسپۆڕییەکان و ژمارەی مامۆستاو خوێندکار، ئاستی زانستی زانکۆکەو وەفاداریمان بۆ (مام)، کاک (ئاوات)ی سکرتاریەت داوای لێکردم کە لەم قسانە بەردەوام بم و هەندێک قسەی تریشی بۆ بکەم، چونکە مام زۆر کەیف خۆشە بەم قسانەم، هەرچەندە چەندین دۆست و هاوڕێبازانی مام پێیان گوتوم کە ئەو وێنەیە هەڵنەواسین لە زانکۆ بەم شێوازی نەخۆشی و جەستەی مام، چونکە مام جەلال پیاوێکی گەورەو مەزنی میللەتەکەمانە چۆن دەبێ ئەو وێنەیە لە زانکۆ هەڵبواسین، بەڵام وەڵامی ئێمە ئەوەیە مام جەلال بە گەورەیی ژیاو دوای کۆچی دوایشی بەڕۆح لەگەڵمانە وە هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە، وە ئەم بڕوانامە فەخریە لەم

تەمەن و تەندروستیەش ماناو واتای خۆی هەیە، بۆیە ئەمەش بە گەورەیی و ڕێز دادەنێین بۆ پیاوێکی مەزن و بەتوانای وەک ئەوان.

ڕۆژی دواتر واتە (٢٠١٥/١٠/١١) لە دەستپێکی مەراسیمی ڕێ ڕۆیشتنی دەرچووانی خولی نۆیەمی زانکۆمان لە هۆڵی سکوڵی وەرزش، لە ناو ئاپۆڕای خوێندکاران و میوانانی مەڕاسیم بە (داتاشۆ) تەواوی مەڕاسیمی بەخشینی بڕوانامەکە پێشاندراو سەرجەم کەناڵەکانی ئامادە بوون و گواستیانەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکات هەر دوای ئەم مەراسیمەو دەنگدانەوەی لە ڕاگەیاندنەکان بە نوسراوێک داوایان لە وازەرەت کرد کە بەخشینی دکتۆرای فەخری لە زانکۆکان ڕابگرێت. وە بیانوو پێشنیازیان ئەوەبوو کە دەبێ بە یاساو ڕێنمایی بەخشینی ئەم بڕوانامەیە ڕێکبخرێت، ئەوەندەی ئاگاداربم تا ئێستا هیچ شتێکی نوێی لێ سەوز نەبووە. وە بەڕای من ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی زانکۆکانە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنەکانیان ئەمجۆرە بڕوانامەیە ببەخشین.

زانکۆی کۆیە پێشی ئەم بڕوانامەی دکتۆرای فەخریە، (٢) دکتۆرای فەخری تری بەخشی بوو، لە ساڵانی (٢٠١٢) وە (٢٠١٣) بەڵام بۆ دوو گەورە زانای کورد کە خۆیان بڕوانامەی دکتۆرای ئاساییان هەبوو. بۆیە لە مێژووی زانکۆکانی کوردستان و کۆیە یەکەم بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بوو ببەخشرێتە کەسێک کە خۆی بڕوانامەی باڵای ئاسایی نەبوو بێ. زانکۆی کۆیەو ئەنجومەنی زانکۆکەی شانازی دەکەن

کەوا کەڵە پیاوێکی گەورەو بەتوانای وەک مام جەلال دکتۆرای فەخری زانکۆمان هەڵدەگرێ.

بۆ ساڵی دواتر واتە (٢٠١٦) لە ڕیزبەندی زانکۆکانی دونیا کە ئەوکات تەنها زانکۆی کۆیە باشتر چووبووینە ناو کێبڕکێی زانستی لەگەڵ زانکۆکانی دونیا (webometrics)، لە ڕاگەیاندنی سەرەتایی ساڵ، زانکۆمان بوو بە یەکەم زانکۆی سەر ئاستی زانکۆکانی هەرێم. وە لە ڕاگەیاندنی (National University Ranking) (NUR) لە ڕیزبەندی پێشەوەو گروپی (B) باشترین زانکۆکانی کوردستان بووین.

بۆیە زۆرجار بۆ خۆشی و دەربڕینی ڕەزامەندی کاک ڕەهبەری سەید برایم لە وتارو کۆڕو کۆبوونەوەکان لە دانیشتنی کۆییانەو خەڵکی خوێندەوارو بەرپرس. دەڵێ ئێمە لە کۆیە لە کاتی دەستبەکاربوونی د. وەلی مەحمود وەک (سێیەم) سەرۆکی زانکۆی کۆیە (٢) داواکاریمان لێ هەبوو، شایەتی بۆ دەدەین کە هەردووکیانی جێبەجێکردووە.

د. وەلی مەحمود حەمەد

سەرۆکی زانکۆی کۆیە

٢٠١٩/١١/١٠

## بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری
## بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

بیرۆکەکە لەلای بەندە وا دەستیپێکرد، دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی ئەیلول بوو (٢٠١٨)، لەگەڵ هاوڕێی شاعیرو نووسەرم کاک ڕەسولی سوڵتانی و خوشکی ڕاگەیاندنکار هێرۆ مەولودی، میوانی بەرنامەیەکی ئەدەبی بووین لە تەلەفزیۆنی K٢٤.

بەرنامەکە لە یەکێک لە خانووە کەلەپوورییەکانی قەڵای هەولێر تۆمار دەکرا، کوڕەکان خەریکی ئامادەسازی دیکۆرات و ڕووناکی و شانۆی تۆمارکردنی بەرنامەکە بوون، لەبەر پشووی هاوین، کەمێک لە هەواڵ و دەنگوباسی دۆستانمان لە کۆیە دابڕابووین، بە پەرۆشەوە هەواڵی مامۆستاو دۆستانی دیکەم لە ڕەسول پرسی.

ڕەسول وەڵامی ئەرێنی دامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وردە گلەییەکی بە گوێمدا چرپاند، کە ئێمە لە کۆیە یاخود ڕاستتر، لە زانکۆی کۆیە ئاوڕمان لە پێگەو پایەی ئەدەبی و ڕووناکبیری مامۆستا نەداوەتەوە.

لە وەڵامدا هەڵم دایەو گوتم ڕەسول گیان:

– خەڵاتی سەید برایم، کە ناوە ناوە لە کۆیە دەدرێت بە ڕووناکبیر، یاخود کەسانی ماندوونەناس لە بوارەکانی خزمەتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، لە کۆیە پێشکەش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کراوە.

- بەڕێوەبەریتی کتێبخانەی گشتی لە کۆیە، کۆڕو فیستیڤاڵی شایستەی بۆ مامۆستا سازکردو بەڕێوەبرد، کە بەندە خۆم لەو کۆڕەدا ئامادەبووم.
- لە بەشی مێژوودا لە زانکۆی کۆیە ( ژیان و خەباتی سیاسی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە)، ناونیشان و بابەتی باس و لێکۆڵینەوەیەکی دەرچوون بووە، کە پاشان لە شێوەی نامیلکەش چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- (عەبدوڵڵای حەسەن زادەو ئەزموونی وەرگێڕان)، ناونیشانی باس و بابەتێکی دیکەی دەرچوون بووە کەوا لە بەشی کوردی و بەسەرپەرشتی بەندە، لەلایەن کچە خوێندکارێکی خۆتانەوە (مەبەستم ڕۆژهەڵاتییە)، سەرکەوتووانە ئەنجامدراوە، تا ئێستاش (CD)ەکەم پاراستووە تا لە دەرفەتێکدا بڵاوی بکەینەوە.

ئەمن ئەوەندەی دەزانم و ئاگاداریشم کاک ڕەسول، بەڵام هێشتا حەق بە تۆیە کاکە، چونکێ مامۆستا زۆر لەوە شایستەترە کە بۆی کراوە، بەڵام سەبرت هەبێت، شتێک هەیە کە زانکۆ دەتوانێت بیکات، بەڵام ئەوە هەم ئیشتی دەوێت و هەم سەبرو پشوو درێژی.

بەو وەعدەیە لەگەڵ کاک ڕەسول لێک هەڵبڕاین، کە من لە دوای دەست پێکردنەوەی دەوام کار بۆ مەسەلەکە بکەم، بەڵام بۆ ئەوەش کە ئایا تا چەند ئاو بە دوای بێڵەکەمانەوە دێت و دەتوانین سەرکەوتووبین، ئەوە مەسەلەیەک بوو کە خۆشم لێی بەشک و بە گومان بووم.

مانگی تشرین هات و دەوام لە زانکۆ گەرم بوو بوو، من هێشتا نەجووڵابووم، ڕەسول تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتم بەڵێ لە بیرمە، لە مێشکی خۆم نەخشەییکم داناوە، کەوا لە ڕێگەی لیژنەی زانستی بەشی کوردییەوە، کە ساڵانەوە خۆم دەبم بە سەرۆکی، یاداشتێک بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بەرزبکەینەوە بەو پێشنیازو داخوازییەمان، بەڵام سەرەتا پێویستە کۆبوونەوەیەکی لیژنەکە بکەین و بیروڕای ئەرێنی ئەندامەکانیش وەدەست بێنم. دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێک چوومە سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ لای بەڕێز د.حەیدەر لەشکری، جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، مەسەلەکەم لەگەڵیدا تاوتوێکرد، هەروەها نەخشە ڕێگاکەش. ئەوەی ڕاستی بێت د.حەیدەر زۆر بە گەرمی و بە دڵسۆزی پشتیوانی لە بیرۆکەو نەخشەو پلانەکەمان کرد. چەند ڕۆژ دواتر داوام لە هاوڕێیان و مامۆستایانی ئەندامی لیژنەی زانستی بەش کرد کەوا تەشریف بێنن بۆ ژوورەکەم و بۆ مەسەلەیەکی تایبەت نیمچە کۆبوونەوەیەک بکەین. مەسەلەکەم بۆ خستنەڕوو، گوتم پێویستم بە پشتگیری و پشتیوانی ئێوە هەیە بۆ مەسەلەیەکی لەو بابەتە، هاوڕێیەکانم، خوا حەقە، هەموو بە یەک دەنگ و یەک هەڵوێست، گوتیان بە هەر دە پەنجەمان بۆت مۆر دەکەین، مامۆستا تەمەنێکی لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و ڕووناکبیری کوردی بەسەر بردووە، لە مەیدانی زمان و وەرگێڕاندا سوارچاکێکە و کەم کەس تۆزی دەشکێنێ، ڕێزلێنان و قەدرزانینی لەو بوارەدا لە کارو ئەرکەکانی ئێمەیە.

بۆ حەفتەی دواتر، بە ناوی لیژنەی زانستییەوە یاداشتێکم ئامادەکردبوو، هەر بەخۆشم لە ژێرەوەی بە ناوی لیژنەی زانستی لە بەشی کوردی ئیمزام کردبوو (بڕوانە دەقی یاداشتەکە لە پاشکۆی ئەم بابەتە).

سەرەتا یاداشتەکەم پێشکەش بە د.حەیدەر کرد کە خوێندیەوە پەراوێزێکی پشتگیری چاک و چێتری لە داوێنیەوە نووسی. ئەنجا هەستام چوومە لای بەڕێز پ.د. وەلی مەحمود حەمەد، سەرۆکی زانکۆ، وەک هەمووجارێک بە گەرمی پێشوازی لێکردم، چایەکم لای خواردەوە، گوتم قوربان بۆ مەسەلەیەکی تایبەتی هاتووم، گوتی فەرموو.

گوتم بە ناوی خۆم و لیژنەی زانستییەوە پێشنیارێکی لەو بابەتەمان کردووە، ئەمەش قسەو بیروڕاو بۆچوونمانە لەو بارەوە، لەم یاداشتەدا نووسیومانە، د. وەلی یاداشتەکەی خوێندەوە، ئەنجا گوتی، کاکە ئەوە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی منە، من ساڵی پار پێشنیارێکی لەو جۆرەم بە گوێی وەزیری خوێندنی باڵادا دا، بەڵام وا دیاربوو جەنابی وەزیر لە بەر هەندێک ئیعتباراتی سیاسی گوتی جارێ لەو مەسەلەیە گەڕێ، با سەرئێشەمان بۆ دروست نەبێت، بۆیە منیش بێدەنگیم لێکرد.

گوتم بەڕێز سەرۆکی زانکۆ، ڕەنگە ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕابێت و وەزیریش بیروڕایەکی دیکەی هەبێت. کابینە لەسەرو بەندی گۆڕان و ئاڵوگۆڕە، کێ دەڵێ جەنابی لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە، ئەنجا ڕەنگە ئەم هەڵە بە دەرفەت بزانێت و ئەمجارە ڕازی بێت. ئەنجا ئێمە لە بەڕێزتان دەخوازین کە بە شێوەیەکی ڕەسمی مامەڵە لەگەڵ ئەم داخوازییەماندا بکەیت، واتە بیخەیتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆ، پاشان

لەگەڵ کۆنووسی ئەنجومەندا پێشنیارەکەمان بۆ وەزارەت بەرزبکەنەوە، ئەوە خوایە وەزیر ڕای گۆڕابێت و ڕەزامەندی دەربڕێت. سەرۆکی زانکۆ وەعدی ئەوەی پێدام کەوا بە دڵنیاییەوە ئەو ڕێوشوێنە جێبەجێ دەکات.

ڕۆژهات و ڕۆیشت مانگ و دوو مانگ و سێ مانگ تێپەڕین، خەبەرێک لە پێشنیارەکەمان نەبوو، لێتان ناشارمەوە، من خۆم تا ڕادەیەک بێ هیوابووبووم، تا ڕۆژێکیان د.حەیدەر لە ڕێگای تەلەفۆنەوە هەم ڕەزامەندی وەزارەت و هەم پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای بەڕێوەبردنی مەراسیمەکەی پێ ڕاگەیاندم کەوا بەندەش ئەندام دەبم تیایدا.

# هەنگاوەکانی بەخشینی بڕوانامەکە

سەرۆکایەتی زانکۆ لەبەر کۆمەڵێک ئیعتیبارات، وای پێ باش بوو، ڕێوڕەسمی بڕوانامەکە بە زوویی بەڕێوەبچێت و دوانەخرێت، هەروەها هەوڵیش بدرێت دوور لە چاوو لە گوێی ڕاگەیاندنەکان، ئامادەکارییەکان بۆ ئەورۆژە بەڕێوەبچێت.

لیژنەی ئامادەکاری مەڕاسیمی بەخشینی خەڵاتەکە لە ئۆفیسی سەرۆکی زانکۆ چەند جارێک کۆبوویەوە، سەر لە بەیانی ١٠- ٣- ٢٠١٩ دیاریکرا بۆ بەڕێوەچوونی مەڕاسیمەکە.

تاوتوێی مەسەلەی بانگهێشتکردنی میوان و کەسایەتییەکان، ژمارەو چۆنییەتی و چەندایەتی ئامادەبووان بە وردی باس و بڕیاری لەسەر درا. لە دوایە بەرنامەیەکیش داڕێژرا بۆ بڕگەو بابەتەکانی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە.

دیارە ئەکادیمیای کوردی لە خولی تازەی کارکردنیدا، لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەی وەکو ئەندامی شەڕەف پاڵاوتبوو، بۆیە ئەوانیش ئەم بۆنەیان بە دەرفەت زانی کە بەشداری تێدابکەن و بەڵگەنامەی ئەندامێتی شانازی لە ئەکادیمیای کوردی لەو ڕێوڕەسمەدا پێشکەش بە مامۆستا بکەن. ئینجا هەر بۆ ئەو مەبەستە دەستەی سەرۆکایەتی ئەکادیمیاش لەو ڕۆژەدا لە هۆڵەکە ئامادەبوون.

بڕگەو بابەتەکانی بەڕێوەچوونی مەڕاسیمەکە بەم ڕەنگە بوو:

- دەستپێکردنی مەڕاسیمەکە کاتژمێر ١٠ی بەیانی.
- هاتنەژوورەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە.
- وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان.
- نیشاندان و نمایشکردنی فیلمێکی دیکومێنیتاری لەسەر بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە هەریەک لە بەڕێزان، د. عیزەدین، د.کەمال مەزهەر، مام جەلال.
- بیۆگرافیای ژیانی ئەدەبی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە.
- وتاری سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە.
- بەخشینی بڕوانامەکە لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە.
- بەخشینی بڕوانامەی ئەکادیمیای کوردی.
- شیعرێکی ڕەسول سوڵتانی.
- وتاری مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە.
- ماوەی پێشکەشکردنی دیاری و چەپکەگوڵ و وێنەگرتن.
- کۆتایی مەڕاسیم.

دیارە هەر زۆر بە تەڕدەستی و بە دەستوبرد، دوابەدوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر بۆنەو مەڕاسیمەکەدا، نامیلکەیەکی جوان و بەپێزو ڕەنگاوڕەنگ لە سەت لاپەڕەداو لەسەر شێوەی فایلێکی PDF لەسەر تۆڕی ئێنتەرنێت بڵاوبوویەوە. بەناونیشانی (بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای شانازی بە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە)، کەوا لە لایەن ڕێزدار رەحمان نەقشییەوە ئامادەکرابوو. ئەم نامیلکەیە هەموو وتارو لێدوان و باس و بابەتەکانی ڕێورەسمەکەی گرتۆتەخۆ، لەگەڵ هەموو ئەو بەدواداچوون و کاردانەوەی دەستخۆشی و پیرۆزباییانەش کەوا لە ماڵپەڕو ڕۆژنامەو سایتەکانەوە بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بڵاوکراونەتەوە. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێ وێنەی بەڵگەنامەیی زۆر قەشەنگ و ڕازاوەی تایبەت بە ڕێوەڕەسمەکە، بۆیە بە پێویستی نازانین ئەم وتارو باس و بابەتانە جارێکی تر لێرەدا بێنینەوە. وەکو چۆن هەر بەڕێزو خوێنەرەوەیەکیش مەبەستی زانیاری زیاتر بێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە، کە بەم ناوونیشانەیە:

https:\\www.calameo.com\read\٠٠٢٦٠٧٣٠٧٧f٣bde٢

٢٩

لە ڕاستیدا کتێبەکەی کاک ڕەحمان کارێکی زۆر بەپێزو ناوازەیە، تۆمارێکی زیندووی وردو درشتی هەموو ڕێوڕەسمەکەیە کە مرۆڤ وا هەستدەکات لە کاتی خوێندنەوەیدا، کەوا لە هۆڵەکە دانیشتووەو هەر ئێستا مەڕاسیمەکە بە زیندوویی لەبەر چاوانی بەڕێوەدەچن.

ئەمن زۆر دەستخۆشی لە کاک ڕەحمان دەکەم کەوا کارەکەی ئێمەش تا ڕادەیەکی زۆر ئاسانکردو هەمیش ئەرشیفێکی ناوازەی خستە بەردەست و چاوو دڵی هۆگران و خۆشەویستانی مامۆستا حەسەن زادە.

لە کۆتاییدا کۆمەڵێک نامەو بروسکەو پیرۆزبایی نامە و دیاری و چەپکە گوڵی خۆشەویستی، لە لایەن کەسایەتی و بەرپرسان و میوانان و خۆشەویست و هاوڕێ و هاوخەباتەکانی مامۆستاوە لەو بۆنەیەدا پێشکەش بە مامۆستا کران.

کۆتایی ڕێوڕەسمەکە وتەیەکی کورت و واتاداربوو کە لەلایەن هاوڕێی تەمەن و هاوکاری خەباتی پەنجاساڵەی مامۆستا حەسەن زادە، کاک جەلیلی گادانی، پیری حیزبی دیموکراتەوە پێشکەش کرا. ئەنجا ئاپۆڕەی میوانان و ئامادەبووان هووروژومیان برد بۆ سەر ستەیج و دەپی شانۆی هۆڵەکە، تا هەم دەست لەملانێی مامۆستا بن و هەمیش بۆ یادگار وێنەیەکی لەگەڵ بکێشن.



حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــۆی کـۆیە
Koya University

KOYA UNIVERSITY

بڕوانامەی دکتۆرا

DOCTORATE CERTIFICATE

ئاماژە بە دانیشتنی ئەنجوومەنی زانکۆ ژمارە (٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢٦
دوای ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،
بڕیاردرا بە بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری، بە بەڕێز
(عبدالله حسن محمود) ناسراو بە (مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە)
لە بواری وەرگێڕان، لە پای کارە بەپێز و ناوازەکانی لەم بوارەدا.

پ.د.وەلی مەحمود حەمەد
سەرۆکی زانکۆ
٢٠١٩/٣/١٠

بڕوانامەی دکتۆرای فەخری (م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە)



ئەنجومەنی زانکۆ لە پێشوازی م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە دا



م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە چاوەڕوانی وەرگرتنی بڕوانامەکە



بەڕێز پ.د. وەلی مەحمود حەمەد سەرۆکی زانکۆ
پڕوانامە دەبەخشێت بە بەڕێز م. عەبدوڵڵای حەسەن زادە



سەرۆکی زانکۆو ئەنجومەنی زانکۆ دوای پێدانی پڕوانامەکە بە
بەڕێز م.عەبدوڵڵای حەسەن زادە

وێنەکەم هەڵبگرە کوردە تا ببێ بە یادگار
یادگارمان با بمێنێ پاشی خۆم بۆ ڕۆژگار

لە میانەی بەڕێوەچوونی بڕگەو بابەتەکانی ڕێوڕەسمەکەدا بەندە چەند کۆپلە شیعرێکی تێکهەڵکێش و مۆنتاجکراومان خوێندەوە، کە لە بنەمادا هی شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس بوون، ئێمە بە دەستکارییەوە لەو بۆنەیەدا پێشکەشمان کرد، کە لێرەدا دەیان هێنینەوە، لەگەڵ بەرزڕاگرتنی یادی ئەو شاعیرە مەزنەی کورد.

بەڕێزەکان
ڕەنگە زۆرمان هەر نەبووبووین
کە ئەو پیاوە
کوڕی شاخ و کوڕی بەفرو
پێشمەرگە بوو
بەڕێزەکان
ئێمە زۆرمان هەر نەبووبووین
کە ئەو پیاوە
هەڵۆیەکی بەرزەفڕی
سەر قەندیل و
سەر دالاهوو
سەگرمە بوو

❊❊❊❊

گوێم نا بە دڵی خاکەوە
باسی دڵداری باران و خۆی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و سەرچاوەی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی دارەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و گەڵاکانی بۆ ئەکردم
کە گوێشم نا بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە
باسی سەربەستی بۆ کردم
سەرنجم دا بە سەربەستیش،
باسی ڕووبارێکی کەڵەگەت و
تەمەنێک لە پلیکانەی هەتاوو
قەڵەمێکی ڕدێن سپی
تەمەن ٨١ ساڵەی
حەسەن زادەی بۆ کردم.

وتاری ئەنجومەنی زانکۆ لەلایەن پ.ی.د. حەیدەر لەشکری

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

بەڕێزان میوانانی زانکۆی کۆیە

بەڕێزان ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی

نوسەرو ئەدەبدۆستان

مامۆستایانی زانکۆ

خوێندکارانی ئازیز

خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم بەناوی تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە، لەم مەڕاسیمە تایبەتە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان بکەم، هاتنتان جێگەی ڕێزو ستایشی ئێمەیە.

بەڕێزان، زانکۆی کۆیە ئەمڕۆ لە درێژەی بەخشینی بڕوانامەی فەخری، یەکێک لە گەورە نوسەرو وەرگێرانی کوردی بەسەرکردۆتەوە، کە ئەویش مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)یە، ئەو کەسەی کە زیاتر لە چل ساڵە لە خزمەت زمان و ئەدەبی کوردیدایە، زۆرترین بەرهەمەکانیشی لە بواری وەرگێڕاندا بووە، کە بەوەرگێڕانی سیاسی و مێژوویی دەستیپێکردوە و پاشان وەک وەرگێڕێکی ڕۆمان و چیرۆک و داستان لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە، ئیدی بەرهەمە وەرگێردراوەکانی زیاتر لە پانزە کتێب دەبن ڕەنگە لە دیارترین و بەناوبانگترینیان (کوردستان و کورد)ی عەبدولڕەحمان قاسملو بێ، کە هەشت جار چاپ بووە، (گێلە پیاو)ی عەزیز نەسین کە

١٢جار چاپ بۆتەوە، لە هەمووشیان بەناوبانگتر لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا ڕۆمانی (حەمەدۆک)ی ڕۆمانووسی ناوداری کوردی باکور (یەشار کەمال)ە، کە سێ بەرگەکەی چەندین جار چاپ کراونەتەوە، لەگەڵ دەیان دەقی دی ئەدەبی نوسەرانی رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە وایکردوە وەک یەکێک لە دیارترین وەرگێڕانی کورد بناسرێ.

بەڕێزان، وەرگێڕان ئامرازێکی گرنگی پەیوەندییە لە نێوان میللەتاندا، لە ئێستادا ئەو ڕێگایەیە کە دەشێ بمانگەیەنێتە ئاستی جیهانی پێشکەوتوو، چونکە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەتوانین لەوە بگەین کە لە دونیای پێشکەوتودا چی دەگوزەرێ، کولتور زانست و هونەرەکانی ئەوێ لە چ ئاستێکدان و بەکوێدا دەڕۆن، لە ئێستای ئێمەدا کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی وەرگێڕان بکات بە تایبەتی لە کارتێکردنی کولتوریدا، ئیدی بۆتە کایەیەک کە ناشێت پشتگوێی بخەین، چونکە پێداویستییەکی پێشوەچوون و کرانەوەیە بەسەر دەرەوەی خۆماندا، وەرگێڕان کلیلێکی گرنگی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەعریفییە لە پال کۆمەڵگا مەعریفییەکانی تری وەک زانکۆ و دەزگا ئەکادیمیەکانی تردا، لە میانەی کردنەوەی دەرگای فرەچەشنی لە بیرکردنەوەو فرەجۆری لەخۆدەربڕیندا. دەمێکە ئەوە زاندراوە کە وەرگێڕان تەنیا پەیوەست نییە بە حەزو ئارەزووی تاکەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بە گۆڕانە کلتورییە جیهانییەکان، ئامرازێکە بۆ لەیەکتێگەیشتن و هاوزەمەن بوونی کۆمەڵە مرۆییەکان لە پێناو کرانەوەی زیاتری ئەم کۆمەڵە مرۆییانە و دەوڵەمەندکردنی بوونی کۆمەلایەتی و شێوەی ژیانیان، لێرەوە

وەرگێڕان زەمینەی هاوبەش دەڕەخسێنێت بۆ بەردەوامیەتی کلتوری پشت بەستن بە بەرهەمی تەواوی مرۆڤایەتی لە خۆپێگەیاندن و خۆ دروستکردندا، هەر ئەمەشە وا دەکات دەوری وەرگێڕ لە کۆمەڵگای ئێمەداو لە دەزگا ئەکادیمییەکانی ئێمەدا زۆر گرنگ بێت، خۆ زانراویشە کە ئەستەمترین جۆری وەرگێڕان، وەرگێڕانی ئەدەبییە، لەبەر تایبەتمەندی دەقی ئەدەبی لە ڕووی زمان و خەیاڵ فەنتازیاوە، بۆیە ئەو کەسەی لەو بوارەدا وەردەگێڕێ دەبێ خودان توانایەکی داهێنەرانە بێت، لە ناخیدا ئەدیبێک بێت لە وێنە و مانا دیار و نادیارەکانی دەق بگات، ئەو لێرە توێژینەوەیەک وەرناگێڕێت ناچار بێت وشە بە وشەی بخاتە سەر زمانی خۆی و پارێزی لە ستراکتۆرە زانستییەکەی بکات. دەقی ئەدەبی خۆی لەبەر وێناکارییەکانی و ڕەگەزە رەوانبێژەکانی ڕێگە بەمە نادات، هەر بۆیە وەرگێڕانی ئەدەبی هەستیارترین جۆری وەرگێڕانە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەو وەرگێڕانەی ئێمەیە کە لەم چەشنەی وەرگێڕاندا داهێنەرانە کاری خۆی کردووە، ئەو دەق پڕ لە ڕەگەزی ستاتیکی دەکات، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی قوڵیەتی لە ئەدەبیات و چێژ وەرگرتنیەتی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دەقی بەردەستییەتی، بۆیە لێهاتوانە توانیویەتی دەقەکان لە نێو زمانی کوردیدا جێ بکاتەوە بێ ئەوەی کرۆکی دەق بشێوێنێت، هێزی بەسەر زمانی خۆی ئەوەند زۆرە و ئەوەندش بەو زمانەی لێی وەردەگێڕێت ئاشنایە، ڕێگەی پێداوە دەق بە تەنیا وەرنەگێڕێ، بەڵکو بە مانای وشە بیکوردێنێ، وەرگێڕەکەی ئێمە ئازادانە سەرەد لەگەڵ دەق دەکات لە

میانەی دارشتنەوەی داهێنەرانەی گێڕانەوەکان و ڕێکخستنەوەی کوردیانەی دەستەواژەکانەوە نەک نیشتەجێبوون لەنێو زمانەکەی دی.

عەبدوڵڵای حەسەن زادە قورسترین جۆری وەرگێڕانی هەڵبژاردوە کە ئەم وەرگێڕانە وەرگێڕانی ئەدەبییە، ئەو بەم کارەی توانیویەتی نەریتی گێڕانەوەی ئەدەبییانەی نوسەرەکان بگوازێتەوە نێو زمانی کوردی، ئەو لێرەوە داهێنەرێکی بێهاوتایە، شارەزایانە وایکردوە لە کاتی خوێندنەوەی کارەکانیدا، هەمان ئەو هەستەمان هەبێت کە وەرگری دەقە بنەڕەتییەکە هەیبووە. ئەمە کارێکە تەنیا وەرگێڕە داهێنەرەکان دەتوانن بیکەن، لێرەوە لەبەر شاکارەکانی مامۆستا لە بواری وەرگێڕان، لەبەر ڕۆڵی باڵای ئەو لە دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لەبەر پارێزگاریکردنی لە ڕەسەنیەتی زمان و تایبەتمەندییەکانی. زانکۆی کۆیە بە ئەرکی خۆی زانی ڕێز لەم ماندوبونە و لە بەرهەمی ئەو کەڵە نوسەرەی کورد بگرێت، بە پێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە ٣٣٩٣٢ لە ڕێکەوتی ٢٥/ ٢/ ٢٠١٩ پاڵپشت بە پەسەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ پێشنیاری ئەنجومەنی زانکۆ، بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لە بواری وەرگێڕان پێبەخشرێت.

زۆر سوپاس

وتاری ئەکادیمیای کوردی

لەلایەن (پ.ی. ڕێبوار سیوەیلی)

سکرتێری ئەکادیمیای کوردی

ئەم کاتەتان باش.

زۆر خۆشحاڵم کە بەناوی ئەکادیمیای کوردیەوە لێرە لە خزمەتتانم، بە تایبەتی کە پۆلێک لە تێکۆشەرو خانمان و دایکانی شەهیدیش لێرە ئەبینم، ئەوە جێگەی فەخرو شانازییە کە لە حزوری ئەواندا نوێنەرایەتی ئەکادیمیای کوردی بکەم بۆ بۆنەیەک کە مامۆستایەکی زۆر عەزیزو پایەبەرز، پێش ئەوەی کە کەسێکی وەکو من کە هێشتا لەلا کۆڵان بووم ئەو خەریکی تێکۆشان بوو لەهەموو بوارەکان، تەبیعی بۆ ئەکادیمیای کوردی ئەم بۆنەیە بۆنەیەکی زۆر جێی شانازییە، هەروەکو ئاماژەشی پێکرا کە لە مانگی یانزەوە ئەکادیمیای کوردی لە دانیشتی تایبەتی خۆیدا بڕیاری دابوو کە مامۆستای پایەبەرز وەکو ئەندامی شانازی ئەکادیمیا وەربگیرێ و بە دەنگێکی زۆر دەتوانم بڵێم بە کۆی دەنگ ئەو پلە جێ شانازییە پێ بەخشراوە، بەڵام لەم بۆنەیەدا ئەکادیمیای کوردی وا تەماشای ئەم نەرێتە ئەکاو لێرەوە دەستخۆشییەکی گەرم ئاڕاستەی

زانکۆی کۆیە و سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە دەکەین، چونکە نەریتێکی حاجی قادریانەی زیندوو کردەوە، ئەوە حاجی قادر بوو کە فێری کردین ئیعتراف بەیەک بکەین، دان بەیەکترا بنێین، یەکترمان خۆشبوێت، ڕێز لە خەباتی یەکتر بگرین، وە لە هەمووشی گرنگتر ئەوە حاجی قادر بوو کە بیرۆکەی یەک شاری لە زهندا ڕەواندینەوە و فێری کردین، نەریتێکی بۆ جێهێشتین کە مامۆستاش لەسەر ئەم نەریتەیە کە کوردستانیانە بیر بکەینەوە، من ئێستا دەقی ئەندامییەتی شانازی ئەکادیمیای کوردی دەخوێنمەوە، وە داواش لەسەرۆکی ئەکادیمیا بەڕێز پرۆفیسۆر (عبدالفتاح علي بۆتانی) دەکەم کە وردە وردە تەشریف بێنێ بۆ ئەوەی کە بڕوانامەکە پێشکەش بە مامۆستا بکات.

ئەندامییەتی شانازی

بەڕێز تێکۆشەر، زمانناس و وەرگێڕی بە توانا مامۆستای پایەبەرز (عەبدوڵڵای حەسەن زادە)

ئەکادیمیای کوردی پێزانینی خۆی بۆ ماندووبوون و کارە نایابەکانی ئێوە لە بواری وەرگێڕاندا، وێڕای خەباتی بێوچانتان لە پێناوی دۆزی نەتەوەی کوردو تێکۆشانتان لە زمانی کوردیدا دەردەبڕێت، هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەنجومەنی ئەکادیمیا لەکۆبوونەوەی ژمارە ٣٠ ساڵی چوارەمی خولی سێیەمیدا لە ڕۆژی ٢٠١٨/١١/١٨ بەکۆی دەنگ پلەی شانازی و (ئەندامییەتی شەرەف)ی بە ئێوەی ڕەوا دیتووە.

هیوامان بەردەوامی و تەمەن درێژییتانە بۆ خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد و بە مرۆڤایەتیی.

پرۆفیسۆر دکتۆر عبدالفتاح علي بۆتانی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

# کتێب و نووسراوەکانی عەبدوڵڵای حەسەن زادە

١. وەرگێڕان:

| ناوی کتێب و نووسراو | بابەت | نووسەر یان دەزگا | زمان | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| واقعیەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان | سیاسی | ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران | لەفارسییەوە | ١٩٧١ |
| کوردستان و کورد | ئابووری و سیاسی | دوکتۆر قاسملوو | لەعەرەبییەوە | ١٩٧٣ |
| گێلە پیاو | ڕۆمان | عەزیز نەسین | لەفارسییەوە | ١٩٧٨ |
| بیرەوەریی دوورخراوەیەک | ڕۆمان | عەزیز نەسین | لەفارسییەوە | ١٩٧٩ |
| حەمەدۆک ١ | ڕۆمان | یەشار کەمال | لەفارسییەوە | ٢٠١٦ (چاپی ٥) |
| حەمەدۆک ٢ | ڕۆمان | یەشار کەمال | لەفارسییەوە | ٢٠١٦ (چاپی ٥) |
| حەمەدۆک ٣ | ڕۆمان | یەشار کەمال | لەفارسییەوە | ٢٠١٦ (چاپی ٥) |
| نزا بۆ ئارامێن | ڕۆمان | ئیبراهیم یونسی | لەفارسییەوە | ٢٠٠٩ (چاپی ٣) |
| مەتەڵۆکەی هوویدا | مێژوو | عباس میلانی | لەفارسییەوە | ٢٠٠٤ |
| سەرکەوتنی بێ سنوور | تیۆری | ئانتۆنی ڕابینز | لەفارسییەوە | ٢٠١٥ (چاپی ٣) |
| پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە | مێژوو | ڕوئیا حەکاکیان | لەفارسییەوە | ٢٠١٦ |
| دێزیرە | ڕۆمان | سامان ماری سێلینکۆ | لەفارسییەوە | ٢٠١٢ |
| دان چەرموو | ڕۆمان | جەک لەندەن | لەفارسییەوە | ٢٠١٢ (چاپی ٣) |

٢. نووسین:

| ناونیشان | جۆری بابەت | نووسەر | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- | --- |
| نیو سەدە تێکۆشان ١ | مێژوو | عبدالله حسن زادە | ٢٠٠٢ (چاپی ٣) |
| نیو سەدە تێکۆشان ٢ | مێژوو | = | ٢٠٠٢ (چاپی ٣) |
| ئەزموونی خەبات | وتووێژ | دەگەڵ هەیاس کاردۆ | ٢٠١١ |
| دیدار لەگەڵ عبدالله حەسەن زادە | وتووێژ | دەگەڵ بیژەن ساعیدی | ٢٠١٩ |
| نیزیک دە نامیلکەی هەمەجۆر | سیاسی و حیزبی | – | ١٩٨٠ تا ٢٠٠٦ |
| هەزاران وتاری ڕۆژنامەوانی | سیاسی و ئەدەبی | – | ١٩٦٨ تا ٢٠١٩ |
| وەرگێڕانی دەیان وتار و چیرۆک بۆ گۆڤارەکان | سیاسی و ئەدەبی | – | ١٩٦٨ تا ٢٠١٩ |

# وتاری مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە

سڵاوتان لێبێت

بەڕێز جەنابی دکتوری سەرۆکی زانکۆ

بەڕێز جەنابی دکتور عبدالفتاح

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە

ئامادەبوانی بەڕێز

لەپێش هەموو شتێکدا وەکو دەڵێن بە زمانێکی سادە دەمەوێ سوپاس و تەقدیرم پێشکەش بەهەموو ئێوە بکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و لە ڕێگای دوورو نزیکەوە تەشریفتان هێناوە بۆ سەربەرزکردنی من، دەڵێم بۆ هەر هەنگاوێکتان سەدجار سوپاس.

ساڵی ٢٠١٣ کە ئەکادیمیای کوردی ئەو سەروەرییەی لەگەڵ من کردبوو بە موناسەبەتی ٧٥ ساڵەم لەوحە ڕێزلێنانم بداتێ، گوتم ئەمە شتێکە کە یەکێکی وەک من لەهەموو تەمەنیدا خەونی پێوەدەبینێت، مەبەستم ئەوە بوو کە لەکوردستانێکی ئازادو لەسێبەری حوکمەتێکی کوردیداو دەزگایەکی کوردی

بەحزوری وەزیران و پەڕلەمانتارانی کورد لەوحی شانازی بەمن بدرێت، بەڵام بە سەڕاحەت دەڵێم ئەوەی ئەوڕۆ کە کرا ئەمن خەونیشم پێوە نەدەدی، چونکی بەبێ ئەوەی هیچ تەوازوعێکی تێدا بێت کارێک کە ئەمن کردومە لەخزمەت زمان و ئەدەبی کوردی قەت ئەوەندە نییە پاداشتێکی ئاوا گەورەی لەسەر بێت. جا ئەگەر بمەوێ بە زمانێکی ئەدەبی بیلێم دەڵێم:

(ڕۆبی زانکۆ بە بەرگی من زۆر گوشادە، پڕی ناکەمەوە).

تەنیا ڕەنگە بەوە پاساوی بدەم، لە کوردەواری خۆماندا دەڵێ: (کەمی دێنێ بۆ زۆری)، فەقیرێک لە سەردانیەکی دیارییەکی بۆ دەوڵەمەندێکی دەبا، چاوی لەوەیە کە زۆری بدەنێ. زانکۆی کۆیەو ئەکادیمیای کوردی ڕاست ئەوەیان لەگەڵ من کردوە.

بۆ من شانازیەکی گەورەیە کە دیسان لە کوردستانی ئازاد لە سێبەری دەسەڵاتێکی کوردیدا لە دام و دەزگایەکی کوردیدا ئەوەم پێ دەبەخشرێ، بە تایبەتی ئەوەی ئێرە مەغزایەکی دیکەی بۆ من هەیە. کۆیە لەپێش چاوی من تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە، هەر کۆیە هەمووی نەک تەنیا زانکۆ بایەخێکی زۆر بە زانست و هونەرو بەهرە لە هەموو بوارەکاندا دەدا. ولەم زانکۆیەو لەجێیەکانی دیکەی کۆیە ساڵانە دەیانجار ئەوە ڕێک دەکەوێت بەهرەمەندێک هەرچی هەیە لەهەر بوارێکدا

هەیە تەقدیری لێبکرێت. لێرە سێ دەزگای دایمی هەیە زانکۆی کۆیە، دەزگای خەڵاتی سەید برایم، کتێبخانەی کۆیە کە چالاکن لەم بوارەدا. ئەمن شانازی دەکەم کە هەم لە کۆیە سێ جار هەم لە ئەکادیمیای کوردی سێ جار ئەم سەروەریە دەرحەق بەمن خەرجدراوە، هەر وەکو شارەکە جارێک بە ئەندامیەتی جارێک بۆ بەخشینی ئەندامیەتی پشتیوان جارێک بە بەخشینی لەوحی رێزلێنان و ئەمڕۆش بەبەخشینی شانازی ئەندامیەتی کەرەم لە کۆیەش سێ جار، جارێک خەڵاتی سەید برایم جارێک لە کتێبخانەی کۆیە ئەم جارەش لە زانکۆی کۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە زانکۆی کۆیە بەمن درا شانازیەکی دیکەشی تێدایە هەر وەکو لێرە بەڕێز دکتور عوسمان دەشتی باسی کرد، ئەمن دەبمە چوارەمی سێ گەورە پیاوی تەئریخی کورد دکتور کەمال مەزهەرو دکتور عیززەدین موستەفا و نەمر مام جەلال ڕێبەری زانست پەروەرو شۆڕشگێرو دامەزرێنەری ئەم زانکۆیە، پشتیوانی ئەم زانکۆیە.

چونکی ئەو بڕوانامەیە لە بواری وەرگێڕاندا دراوە بەمن، پێم خۆش بوو هەدێک قسە بکەم کە بەشێکی لەزمانی بەڕێز دکتور حەیدەر لە وتاری زانکۆدا هاتبوو، ئەهمیەتی وەرگێڕان تەنیا شتێکی لێ زیاد دەکەم کە ئەگەر وەرگێڕ بەرماوەخۆری

نوسەرانن پێیان قەرزدارن، نوسەرانیش بە وەرگێڕان قەرزدارن، ئەوانەی پێیان دەڵێن نوسەری جیهانی بەخێری بابیان نەبوون، لەسایەی زەحمەتی وەرگێڕان یان موتەرجیمان بوونە نوسەرێکی جیهانی، دەنا کابرایەکی نووسەری ئینگلیزی هەر ئینگلیزی دەبوو، ئێستا کە لەهەموو دنیایێ دەناسرێ لەسایەی سەری ئەو کەسانەوەیە کە زەحمەتیان کێشاوە دەقەکەیان وەرگێڕاوە.

شتێکی دیکەش هەر لەم بوارەوە پێموایە زیادی کەین، کە بەجۆرێک ئیشارەت پێکرا، ئێمە بە وەرگێڕان هەم فیکرو فەرهەنگی میللەتان وەردەگرین هەم لە عەینی کاتدا خزمەتێکی گەورە بە زمانەکەمان دەکەین، زمانەکەمان بە دیکیۆمێنت دەکرێ، ڕای دەگرین، دەتوانین بڵێین وەرگێڕان بانکی وشەیە، جێیەکە، ئەمانەت خانەیەکە کە وشەی کوردی تێدا دەپارێزرێ.

لەسەر خۆمیش ئەگەر درێژ نەبێتەوەو ئیجازەم دەن دەمەوێ یەک دوو قسە بکەم، ئەمن کە بووم بە وەرگێڕ لە هیچ مەکتەبێک دەرسم نەخوێند، هیچ مامۆستایەک فێری نەکردم، لە ڕاستیدا تا ئێستاش کتێبێکم لەسەر وەرگێڕان نەخوێندۆتەوە، بەڵام چۆن بووم بەوەرگێڕ، لە حزوری مامۆستایاندا لە حزوری ئەدیباندا ئەویش گەورە ئەدیباندا، بۆ من بێ ئەدەبیە،

بەڵام ئەزموونی خۆمە دەیڵێم، پەروەردە بوون لە دێیەکی دوورەشارو دوورە دەستدا وای کرد من فێرە زمانی کوردی بم ئەوە ناخۆشە لە شوێنی وا گەورە ببی ژێردەستەیی و مەحروم بوون لە زمانی خۆت ناخۆشە، بەڵام ئەو فایدەیەی هەبوو کە من فێری زمانی فارسی بم، نەبوونی مەدرەسە، مەدرەسەی نوێ لە دێیەکەماندا ببوە هۆی ئەوەی کە من لە مەدرەسەی دینی و مەدرەسەی عەرەبی بخوێنم، فێری زمانی عەرەبی ببم، دواتر کە چاوم کراوە هەستم کرد کە دەتوانم شت وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەوەی لەو بوارەوە دەرهەق بە من گوترا شانازی پێوە دەکەم وە ئەمە شەهادەیەکە کە بە من دەدرێ، کە لە تەرجەمەکانم یان وەرگێڕانەکانی پێشترمدا سەرکەوتووبم کە زمانەکە زمانێک بێ کە خەڵک وا بزانێ هەروا نووسراوە، هەر بەو زمانە نووسراوە، پێم خۆشە کە بیڵێم ئەوە زۆر ئاسانە بۆ هەموو وەرگێڕێک دەتوانی ئەوە بکات، بە چی؟ بەوە نەچێ بچێ کەلیمەکانم بۆ تەرجەمە بکات، جوملەکە بخوێنێتەوە وەری بگرێ و بە کوردی بیڵێ، (وصل الى كويسنجق اليوم رئيس الاكاديمية الكوردية) مەسەلەن، (گەیشتە کۆیە سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی)، ئەوە کوردی نییە، دەڵێ: (ئەوڕۆ

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی هاتە کۆیە)، لە فارسیدا دەڵێ:(بەخانە برمیگردم). (دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە)، زۆرجار هەر موتەرجیمەکانی خۆمان وادەکەن، کوردی فەقیر قەت ناڵێ (دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە)، هەمووی دەڵێ (دەچمەوە ماڵەوە)، فارسی دەڵێ:(می گردم) بۆ هەردووکی ( (برگشتن) بەکاردێ، بەڵام کورد زمانەکەی وایە دەڵێ: (چووم و هاتمەوە)، هاتم و دەڕۆمەوە، یعنی ئەو گەڕانەوەیە لە کوردیا دوو تەعبیری هەیە، یەک تەعبیری نییە، با بزانین کوردییەکە چۆن قسەکە دەکات.

شتێکی دیکەی کە زۆر کەس لەوانەی کە تەرجومە دەکەن لە زمانی فارسیدا یان عەرەبیدا پێموایە دەبێ بزانن تەرجەمە بە فەرهەنگ ناکرێ، بەڵێ فەرهەنگ کۆمەک دەکات، ئەو کەسەی دەیهەوێ لە زمانێک شتێک وەرگێڕێتە سەر زمانی خۆی و بیکاتە زمانەکەی خۆی دەبێ شارەزایی لە ئیدیۆمەکانی زمانەکەی خۆی بێ، هەروا ئەو زمانەش کە لێیەوە وەریدەگێڕی، دەنا شتی سەیرو سەمەرەی لێ پەیدا دەبێ مەسەلەن تەماشای فەرهەنگی فارسی بکە، (دەماغ) یانی (لووت)، (چاغ) یانی (قەڵەو)، فارسەکان بەیەکدی دەڵێن (دماغت چاغی) دەماغت چاغە، کوردیەکە بۆم دەکاتەوە (لووتت

گەورەیە؟)، لەم حاڵەدا ڕاستە لە لوغەدا وا بگەڕێی وا دەڵێ، بەڵام دماغت چاغە؟ واتە (کەیفت سازە؟)، (حاڵت باشە؟)، بەو ئەندازە فەرقی هەیە. بۆیە وتم کە فەرهەنگ کافی نییە. شتێکی دیکە کە پێم خۆشە بیڵێم کە زۆرجار دەبیستین دەڵێن: (کوردی توانای ئەوەی نییە مەتاڵیبی عیلمی پێ بکرێتە کوردی)، من پێموایە لە فەرمایشتەکانی دکتۆر حەیدەر شتێ هاتبوو وەرگێڕانی ڕۆمان زۆر گرانترە لە وەرگێڕانی شتێکی عیلمی، چونکە لە ڕۆماندا، لەشتی ئەدەبیدا ئەوەی هەیە وەرگێڕ دەبێ ئەوە پەیدای بکات، ئێمە ناتوانین دایبنێین، بەڵام وشەی عیلمی ئەوەی نیمانە دەتوانین دایبنێین، نوقسانەکە لەوەی نییە کە زمانی کوردی توانای نییە، نوقسانیەکە لەوەی دایە هەتا ئێستا مشورمان لەوەدا نەخواردووە دەزگایەکی خاوەن سەلاحیەتمان هەبێ کە بۆ هەموو ئیستیلاحە عیلمییەکان شتێک دابنێ بڵاوی بکاتەوە لە عەینی حاڵدا دەسەلاتیش پشتی بگرێ، کە هیچ کەس لێی قبول نەکرێ بۆ ئەو مەعنایە غەیری ئەو کەلیمە بەکاربێ، ئەگەر ئەوە بکرێ زۆر زۆر ئاسانتر دەبێ.

ئاخیر شتم ئەوەیە کە هەر دووبارە دەڵێم دەگەڵ هەموو سوپاس و سەر دانەواندنم، ئەمن شیاوی هەموو ئەو لوتف و مەحەبەتە نەبووم، عومری درێژو دەوامی پێشکەوتن هەم بۆ

زانکۆی کۆیە هەم دەزگای ئەکادیمی کوردی هەم بۆ هەموو شارەزایانی بواری ئەدەب و زانست.

سوپاستان دەکەم

پاشکۆکان:

**بەڕێزان/ ئەندامانی ئەنجومەن و دەستەی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە**

**بابەت/ بەخشینی بڕوانامەی فەخری ڕێزلێنان**

بەڕێزان... لەدوای سڵاو و ڕێز:

یەکێک لە هەنگاوە دلێر و بوێرە زانستییەکانی زانکۆکەمان لە ساڵانی ڕابردوودا، مەسەلەی بەخشینی بڕوانامەی فەخری ڕێزلێنان بووە بە مرۆڤە زاناودانا‌کانی گەلەکەمان، لە نموونەی(د.عیزەدین مستەفا ڕەسول و د.کەمال مەزهەر ئەحمەد)، تا دەگاتە سەرۆک و سەرکردەی مێژوویی گەلی کورد خەباتگێڕ و تێکۆشەری ئەمرمان(مام جەلال).

لەم بوارەدا پێمان وایە مایەی شـانازی و سـەربەرزییەکی مەزن دەبێت هەم بۆ زانکۆی کۆیە و هەم بۆ ستاف و بەڕێوەبەرانیشـی، کەوا هەنگاوێکی دیکە بچێتە پێشـەوە و هەورازتر بڕوانێت، بەوەی کەوا ئاوڕ لە کەڵەمرۆڤێکی پارچەیەکی دیکەی نیشتیمانەکەمان بداتەوە، کە ئەویش نووسەر و ڕووناکبیر و وەرگێڕ و زمانەوانی کورد مامۆستا(عەبدوڵڵای حەسەن زادە)یە.

ئێمە ئاواتی ئەوە دەخوازین کەوا زانکۆ پێشەنگەکەمان وەکو دابی هەمیشەیی و لەپای خزمەتە مەزن و دیار و بێ پایانەکانی لە بواری ئەدەبیات و وەرگێران و زمانی کوردیدا، بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەم مرۆڤە تێکۆشـەرە خۆنەویست و خزمەتگوزارە ببەخشێت، وەکو بەشێک لە وەفا و ئەمەگناسـیی میللەتەکەمان لە ئاست ئەم کەڵەمێردە ڕووناکبیر و لەخۆبوردووەی کورد.

لەم بوارەدا ڕاسـتییەک هەیە کە لای ئێوەی بەڕێزیش شـاراوە نییە، ئەویش ئەوەیە کەوا هەڵهێنانی هەنگاوێکی لەم چەشـنە لەلایەن زانکۆی کۆیەوە دەبێتە مایەی پەسـەندی و ڕەزامەندی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، بەتایبەت چینی نووسەر و ڕووناکبیر و خوێندەوارەکانی.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسی بێ پایانمان

لیژنەی زانستی

لە بەشی کوردی ـ فاکەڵتیی پەروەردە

٢٠١٨/١١/٢

کۆماری فیدراڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکـــــۆی کۆیـــــە
KOYA UNIVERSITY

NO ژمارە : ک ١٤٨/٧٩/٧
Date ڕێکەوتی زاینی : 2018 / ١٠ / ١١
ڕێکەوتی کوردی : ٢٧١٨ / /

فەرمانی کارگێڕی

پ / لیژنەی زانستی بەش

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بڕیارماندا بە :-

پێکهێنانی لیژنەی زانستی بەشی زمانی کوردی لە فاکەڵتیەکەمان لەم مامۆستایانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٨ - ٢٠١٩ ) :

| ژ | ناوی سیانی | لیژنە |
|---|---|---|
| ١ | پ.د. عثمان حمد خضر | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | پ.ی.د. عمر محمود کریم | ئەندام |
| ٣ | پ.ی.د. ئەوڕاز انور عمر | ئەندام |
| ٤ | پ.ی.د. هاوژین صلیوە عیسا | ئەندام |
| ٥ | پ.ی.د. دەریا جمال جویز | ئەندام |
| ٦ | د. عیلمز عبدالحمید شمس | ئەندام |
| ٧ | د. ئەوزیرە صابر مصطفی | ئەندام |

پ.ی.د. ئاوەدین کریم مولود
ڕاگری فاکەڵتی پەروەردە

وێنەیەک بۆ :
- نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری ڕاگر
- بەشی زمانی کوردی
- یەکەی دڵنیایی جۆری
- یەکەی ژمێریاری
- بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنە .
- دۆسیەی دەرچوو .

Kurdistan Regional Government
Koya University
Ministry of Higher Education and Scientific Research

KOYA UNIVERSITY

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

ئەمیندارییەتی ئەنجومەنی زانکۆ.

| | | |
|---|---|---|
| No | ژمارە | |
| Date | ڕێکەوتی زایینی | |
| | ڕێکەوتی کوردی | |

SH

## فەرمانی زانکۆیی

دوابەدوای فەرمانی زانکۆیمان ژمارە (٣ / ٣ / ٩٣٢) لە (٢٤ / ٢ / ٢٠١٩) بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕێزگرتن لە نوسەر و وەرگێر (عبدالله حسن زادە) لە پای خزمەت کردن بە وەرگێران بۆ زمانی کوردی ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیاردرا بە:- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ ئامادەکاری مەراسیمی پێدانی خەڵاتی دکتۆرای فخری بەبەڕێزیان.

لیژنەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک هاتووە:-

| | |
|---|---|
| ١- پ.ی.د حیدر لشکری | سەرۆک |
| ٢- پ.د.عوسمان دەشتی | ئەندام |
| ٣- پ.ی.د. لقمان وسو عمر | ئەندام |
| ٤- پ.ی.د.هاوژین صلیوە عیسی | ئەندام |
| ٥- پ.ی.د.هۆشمەند علی محمود | ئەندام |
| ٦- م.اسماعیل عبدالرحمن بازیار | ئەندام |
| ٧- م.بەهات عبدالرزاق سعید | ئەندام |

پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ .
- نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا.
- بەڕێوەبەرایەتی ئەمینداریەتی ئەنجومەنی زانکۆ.
- ڕاگەیاندن.
- سەرۆک و ئەندامانی لیژنە.
- دۆسیەی کەسی.
- دۆسیەی دەرچوو.

**President Office**

: president.office@koyauniversity.org
: koyauniversity.org
: +9647480126191

Koya University
University Park
Danielle Mitterrand Boulevard

View publication stats